دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ڕووداوەکەی شاری سنە ٢
حیزبی دێموکرات: پێشوازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەکەین ٢
دوو پێشمەرگەی کوردستان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون ٣
ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڤییەن لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە چوو ٤

www.kurdistanmedia.com
ژمارە ٧٣٠، یەکشەممە ٣١ پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٢ی جولای ٢٠١٨


پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزب بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٥


ڕاسان، شەرەف، ئەخلاق و پێشمەرگە ٧


دیکتاتۆری دیوارێکی کورت ٩


وتووێژی کوردستان ١٠

# پەیڤی قاسملوو وانەی شاخ و شار



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢٩هەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد "د. عەبدولڕەحمان قاسملوو" هاوڕێ لەگەڵ "عەبدوڵڵا قادری ئازەر" نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و "د. فازڵ ڕەسوڵ" کوردی باشوور، بە دەستی دیپلۆماتە تیرۆریستەکانی تاران بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لە لایەن "تاهیر مەحموودی" ئەندامی ئە دەستەیە خوێندرایەوە.

ناوبراو لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە "ڕێبەری شەهیدمان باوەڕێکی پتەوی بە چارەسەری ئاشتیانە و سیاسییانەی مافەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەبوو. چونکە لەگەڵ گەشەکردنی تەمەن، خوێندەواریی، ئاشنابوونی لەگەڵ دونیای ڕۆژئاوا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاکامەکانی شەڕ و ماڵوێرانی باش دەزانی و لە جیهانبینیی دوکتور قاسملوودا بیرکردنەوەی مەنتیقیانە، ئینسانی و دێموکراسی بەدیلی ڕێگا چارەکانی دیکەی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی خەباتی نەتەوەکەی بەخەباتێکی ڕەوا و دادپەروەرانە دەزانی و دوژمنانی کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ چارەسەری مەسەلەکان جگە لە شەڕ و خۆسەپاندن نەهێشتبووەوە، زۆر شۆڕشگێڕانە و ئازایانە ڕیزەکانی خەباتی پێشمەرگانەی کوردستانی هەڵبژارد و ڕێبەریکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و حیزبی دێموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتە ئەستۆ".

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: "دوکتور قاسملووی نەمر لە تەمەنی پڕ لە شانازیی و سەرەوریی خۆیدا قوتابخانە و ڕێبازێکی پێکهێنابوو کە ببێتە ڕووگەی هیوا و هومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکەی. بیر و ڕێبازی زانستی، فەلسەفی، سیاسی و دێموکراتییانەی دوکتور قاسملوو شتێک نەبوو لەگەڵ جەستەی بڕوا و بەجێمان بێڵێت، بەڵکوو بوو بە چرای خەبات و تێکۆشانمان. ڕێبازی قاسملوو ئێستا ڕێبازی سەرکەوتووی فکری، پەروەردەیی و سیاسیی ڕۆژ و سەردەمە. ئەوەی سەرشۆڕی بۆ مایەوە ڕێبازی جەهل و خورافاتی ئاخوندیی و ئەو ئایدۆلۆژی و بیرکردنەوانە بوو کە ئایدۆلۆژیی بەری چاوی تاریک کردبوون. ئەوە وانەکانی مەکتەبی قاسملوون کە ئێستاش لە فێرگەکانی حیزب، نێو خێزان و ماڵەکانی کوردستان، شەقامەکانی شار و سەنگەرەکانی شاخی پڕ کردووە و تەنگی بە دوژمن هەڵچنیوە".

هەروەها لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێز مەحموودی ئاوڕی لە ژیان و خەباتی هاوڕێ و قوتابی بەئەمەگی دوکتور قاسملوو، شەهید کاک سەید سەلام عەزیزی دایەوە و وتی: " پووشپەڕ بۆ ئێمە وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی تاڵی دیکەشە ئەویش شەهیدبوونی هاوڕێی خۆشەویستمان کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب کە بە داخەوە لە ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی بۆ دواجار ماڵاوایی لێ کردین. کاک سەلام سیمایەکی ناسراو و کەسایەتییەکی سیاسی و قوتابییەکی وەفاداری ڕێبازی دێموکرات بوو کە هەتا دواساتەکانی ژیانی بە هەموو وجوودەوە خزمەتی گەلەکەی کرد".

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم مەراسمەدا سروودێک لەژێر ناوی "ئەی مامۆستای مەزن" لە لایەن "نەوەکانی قاسملوو"ـەوە پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی ڕێکخراوەکانی "لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە لایەن "پێژمان شەریعەتی" جێگری سکرتێری ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی شێعرێک لە لایەن پێشمەرگەی شاعیر مامۆستا "بێبەش"ـەوە کۆتایی پێهات.

هەر بەم بۆنەوە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢٩هەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد "د. عەبدولڕەحمان قاسملوو" هاوڕێ لەگەڵ "عەبدوڵڵا قادری ئازەر" نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات ، بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی تاران، لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە چوو کە تێیدا پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز "خالید دەرویژە" ئەندامی دەستەی کارگێڕی خوێندرایەوە کە تێیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە خەبات و ژیانی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو باس لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات لە ڕابردوو و ئێستادا کرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنەوەی چەند سروود و شێعری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ ڕازێندرایەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە دەرەوەی وڵاتیش چەندین سێمینار و ڕێوڕەسمی تایبەت بەم بۆنەوە بەڕێوە چوون کە بەکورتی بەم چەشنەن: ڕێوڕەسمێک لە گۆڕستانی پیرلاشێز و لەسەر گۆڕی شەهیدانی ڤییەن، کۆڕیادێک لە وڵاتی سوید، سێمینارێک لە دانمارک، چەندین خۆپیشاندان لە وڵاتانی بریتانیا و ئۆتریش.

**خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێز تاهیر مەحموودی لەم ژمارەی کوردستان دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.**

پەیڤ

## »تاوانی ڕاسانە!

### کەریم پەرویزی

هەرچی کات تێدەپەڕێ، ڕاسان قووڵتر و پەرەگرتووتر دەبێ و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زیاتر بەرەوپیری ئەم قۆناخە نوێیەی خەباتی نەتەوەکەیان دەچن و هەرچی چین و توێژی زیاتر بەرەوپیری ڕاسان دەچن، هیوای هەڵکشان بەرەو لووتکەی سەربەستی گەشاوەتر دەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنانی گەل زیاتر تەنگەتاو دەبن و دەست بە پەلەقاژەی زیاتر دەکەن و دڕندەیی زیاتر دەنوێنن.

دەسپێکی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، هیوا و ئاواتی بەرینتربوونەوەی خەبات و گۆڕانکاریی قووڵی لە دۆخی جێگرتوودا زیندوو کردەوە. لەبەرامبەریشدا دوژمنان و نەیاران، بە سووک چاویان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکرد و وەکوو دروشمێکی بێ مانا کە لە نێوەڕۆکدا بەتاڵە و تەنیا بۆ ئیستفادەی تەبلیغییە ناویان دەبرد.

بەڵام بە بەرەوپێشچوونی ڕاسان و بە گیانبازیی پێشمەرگە و حەماسەی ڕۆڵە ئازاکانی گەل، وردە وردە دوژمنانیش هەستیان بەوە دەکرد کە ڕاسان بەڕاستییە!

ڕاسان ئێستا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ورەی شۆڕش و خەباتی لە نێو کۆمەڵگادا بەرز کردۆتەوە و ئەوە ئیدی لاوانی کورد، کچ و کوڕانی وریا و چاونەترسن کە خۆیان ڕاسان دەبەنە پێش و باڵای بەرزی شۆڕشگێڕانی کچ و کوڕ بۆتە داری هەڵگری ئاڵای نیشتمان و ئاڵای خەباتی لەسەر ڕادەشەکێ و پرچیان تێکەڵ بە پرچی داربەڕووی نیشتمان بووە.

هەرچی ڕاسان جێگرتووتر دەبێ و ڕاسانی ڕۆژهەڵات پەرەی زیاتر دەستێنێ، دوژمنی گەلیش هارتر دەبێ و پەنا دەباتەوە بەر دڕندانەترین شێوازەکانی دژایەتیی مرۆڤەکانی ئەم نیشتمانە قەتکۆڵنەدەرە.

لە بەرەوپێشچوونی ڕاساندا دووبارە ئەوە هێزە دژی گەلییەکانن کە ترسیان لی دەنیشێ و هێزی تیرۆریستیی سوپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانیان کە ورەی بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگەیان نییە و پێشمەرگەی ئازای گەل، ڕۆڵەی خۆشەویستی نیشتمان لە نێو باوەشی کوردستاندا و لە نێو دڵی خەڵکدا پێشوازیی لێ دەکرێ.

لەوها دۆخێکدا، کۆماری ئیسلامی وەکوو پیشەی هەمیشەیی کە لە بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەترسێ و هێزەکانی زندەقیان چووە، دەست دەکاتەوە بە کردەوە دزێو و ترسنۆکانەکانی. لە دەیەی شەست و حەفتای هەتاویدا، هەر دەم سوپای پاسداران و بەکرێگیراوان، بوێری بەرەوڕووبوونەوەی پێشمەرگەیان نەبوو، دەچوون ئازاری بنەماڵەی پێشمەرگەکانیان دەدا، یان بە کردەوەی دژە مرۆیی وەکوو تەقینەوە و ژەهراویکردنی خواردن و بەکارهێنانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ڕووداوەکەی شاری سنە



بەبۆنەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی شاری سنەوە کە بە داخەوە چەندین هاووڵاتی سڤیل بوونە قوربانی، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە دووتوێی پەیامێکدا هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی داخداری قوربانیانی سنە دەربڕی.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

هاوخەمی بنەماڵە داخدارەکانی ڕووداوەکەی سنەین

هاونیشتمانیانی کوردستان،

بنەماڵە داخدارەکانی کارەساتەکەی سنە،

لەو ڕووداوەدا کە شەوی ١٩ی پووشپەڕ لە بەردەم تێرمینالی سنە ڕووی دا، کە تێیدا تانکەرێکی هەڵگری نەوتی ڕەش خۆی بە ئوتووبووسێکی موسافیرهەڵگردا داوە و لە ئاکامی تەقینەوەی تانکەرەکە و سووتانی ئوتووبووسەکە بەداخەوە چەندین کەس لە هاونیشتمانیانمان گیانیان لەدەست دا و چەندین کەسی دیکەش بریندار بوون و هەروەها چەند ماشێن لەنێو چوون.

ڕووداوێکی وەها کە وێکڕا دەیان بنەماڵەی کوردستان داخدار دەکا، لە ئاستی کوردستاندا دەبێ بە ڕووداوێکی دڵتەزێن و نەتەوەی کورد خەمبار دەکا.

وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کارەساتە، بەناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییەکان و خەڵکی قارەمانی شاری سنە و هەموو نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەردەبڕین و هیواداریین کە بریندارانی ئەو کارەساتە هەرچی زووتر چاک ببنەوە.

ئەم کارەساتە هەرچەند ڕووداوێکی دڵتەزێنە، بەڵام دەتوانێ ببێتە هەوێنی هاوخەمیی سەرتاسەریی کوردستانیان و هەستی هاونیشتمانی و بەدەردی یەکەوەبوون بەرزتر بکاتەوە.

هەر لەو کاتەدا دەبێ لەبیرمان بێ کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە لەبەر سەرەڕۆیی و بەرژەوەندیخوازیی سەرانی کۆماری ئیسلامییەک ڕوو دەدەن کە گیانی مرۆڤەکان و بەتایبەت مرۆڤی کوردیان بەلاوە هیچ بایەخێکی نییە و تەنیا دیانهەوێ نەوتی بەشێکی دیکەی کوردستان بە تانکەر بدزن و ئامادە نین کە تەنانەت ڕێگاوبانی تایبەت بۆ ئەو جۆرە گواستنەوانە دروست بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە بۆ سەرکوتی کوردستان و ناردنی هێزی تیرۆریستی بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان ڕێگاوبانی نیزامی تا بەرزترین شوێن و لووتکەکان بە دوای پێشمەرگەدا دەکێشن. نەهامەتیی بەردەوامیی کارەساتەکانی تانکەرەکانی ناسراو بە تانکەری مەرگ، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

جارێکی دیکە وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان و هاوخەمی لەگەڵ شاری قارەمانی سنە، هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکانی کارەساتەکە دەخوازم و ڕۆحی قوربانیەکانیش شاد، بەو ئاواتەی کە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی کوردستان واتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچی زووتر وشک ببێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# شاندێکی پارتی سووسیالیستی کوردستانی باکوور سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد

شاندێکی پارتی سووسیالیستی باکوور، بە سەرپەرەستیی مەسعوود تەک، سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبیان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی پارتی سووسیالیستی باکوور، بە سەرپەرەستیی مسعوود تەک، سکرتێری گشتیی PSK ، سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازیان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا مەسعوود تەک، لەسەر دوایین ڕووداوە سیاسییەکانی تورکیە و ئاکامی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی تورکیە و ئالوگۆڕ لە سیستمی پارلەمانی و سەرۆکاتییەوە و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای ئەو ئاڵوگۆڕە و دەوری کورد لەو پرۆسەیەدا قسەی کرد و سەرنج و ڕوانینی خۆی خستە بەرچاوی شاندی حیزبی دێموکرات و وتی: لەم پرۆسەیەدا، کورد و پارتە سیاسییەکان لەم دۆخە سیاسییە، پێویستە بە لێکدانەوەیەکی نوێیەوە داخوازییەکانی بخاتە بەرباس و بە یەکیەتی و یەکگرتووییەوە ئەم پرۆسەیە ڕەچاو بکات.

پاشان مستەفا هیجری وێڕای خۆشحاڵیدەربڕینی حیزب لە سەردانەکەیان و سپاس لە زانیارییەکانی لەسەر ئەو پرۆسەیە و هۆی بەئاکام نەگەیشتنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن HDP و لایەنەکان بە یەکگرتووانە بەشداریی لەو هەڵبژاردنانە بکەن، لەو پێوەندییەدا مەسعوود تەک هۆی پەککەوتنی ئەو مەسەلەیەی باس کرد و وتی: HDP پێویستە بە سیاسەتێکی نوێیەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد لە باکوور هەڵسوکەوت بکا و واقیعی سیاسیی لە تورکیە و کوردستانی باکوور ببینێ.

دوای ئەو باسە لەسەر تورکیە و باکوور، مستەفا هیجری لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرۆسەی ڕاسان و خەبات و تێکۆشانی حیزب لە نێوخۆی کوردستان و هاوکاریی کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان و ئەو قەیرانانەی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە بەتایبەت تەحریمە نوێیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەسەر ئێران و شوێندانەریی ئەو تەحریمانە لەسەر سیستمی سیاسی و ئابووری ڕێژیم و ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک بە وردی قسەی کرد، لە بەشێکی دیکەی قسەکانی باسی لە هاوکاری و نزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وەک هەنگاوێکی ئەرێنی ئاماژەی پێ کرد.



دوای ئەو باسە، لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە، مەسعوود تەک سەرکەوتنی زیاتری بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئاوات خواست و ڕایگەیاند: سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات و چالاکتر بوونی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە ڕۆژهەڵات یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد بەگشتی، لە کۆتاییدا لەسەر پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەختیان کردەوە، دوای ئەو هەڵوێستە دۆستانەی مەسعوود تەک، مستەفا هیجری سپاسی مسعوود تەک و شاندی هاوڕێی کرد.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بۆ پێشگرتن لە حوکمی ئێعدامی زیندانییەکی سیاسیی کورد، داوای لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیخوازان کرد، دژی ئەو جەنایەتەی ڕێژیمی ئێران نارەزایەتی دەربڕن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی بە بۆنەی ئەگەری ئێعدامی لاوێکی کورد

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان،

ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ،

دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، بە ئامانجی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان و بەردەوامیی حوکمی نارەوای خۆی لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت و چەوساندنەوە کەڵکی وەرگرتووە و خراپترین و قێزەونترین جۆری سەرکوت و جەنایەتەکانی لەسەر میللەتەکەمان تاقی کردووەتەوە. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە باری ڕێژەی ئێعدامی سیاسی لە سەرووی ڕیزبەندییەکاندایە و پۆل پۆل لاوەکانمان بە بیانوو و تۆمەتی ساختە و گاڵتەجار ڕەوانەی جووخەکانی مەرگ دەکرێن.

لە ئێستاشدا کە قەیرانە جۆراوجۆرەکان دەوراندەوری دیکتاتۆریەتی ئاخوندانیان گەمارۆ داوە و کێشە سیاسییە نێونەتەوەیی و نێوخۆییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن و گەورەبوونەوەدایە، بێگومان زیاتر لە هەر کاتێکی تر ترسی تەقینەوەی ڕقی پەنگخواردووی گەلانی ئێرانیان لێ نیشتووە و بەو هۆیەشەوە ڕێژەی ئێعدام و سەرکوت وەک ڕێگەکارێک بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی ئازادیخواز لە لایەن ئەو دەسەڵات و سیستەمە ناخەڵکی و دژی ئازادییە زیادی کردووە .

لە درێژەی تاوانەکانی ڕێژیمی تاران، لە ئاست گەلەکەمان ئەمجارە لاوێکی بێتاوانی شنۆیی بە ناوی "هیدایەت عەبدوڵلاپوور" بە تۆمەتی هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوتووەتە بەر ڕقی کاربەدەستانی خوێنڕێژ. ناوبراو کە پێشتر لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣٠ ساڵ بەندیخانەی بۆ بڕابوویەوە، لە دوا پێداچوونەوە بە دەستێوەردانی سپای پاسداران حوکمەکەی گۆڕدراوە بۆ ئێعدام و لە ئێستاشدا مەترسیی بەڕێوەچوونی حوکمەکەی پەرەی سەندووە.

ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو حوکمە ناعادڵانەیە، سەرجەم ئازادیخوازان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی بانگ دەکات، هەتا دەنگی نارەزایەتی سەبارەت بەو جەنایەتە هەڵبڕن و بە گوشاری نێونەتەوەیی و هەمەلایەنە پێش بە ئێعدامە سیاسییەکان و ئێعدامی هیدایەتەکان و ڕامینەکانی کوردستان بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بێهەڵوێستیی دەوڵەتی ئوتریش مەحکووم کرد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە، کە وڵاتانی بەرپرس و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی، پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخنە پشتگوێیەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٢٩مین ساڵیادی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەندا

کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی و کۆمەڵگای سیاسیی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، یەکێک لە قوربانییەکانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان، لە ساڵی ١٣٥٨ و لە دادگا چەند چرکەییەکانی سادق خاڵخاڵییەوە دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستاش گەورەترین مەترسی لەسەر چالاکانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەمان تێرۆریزمی نێودەوڵەتییە کە لە مێتۆدە نەگۆڕەکانی دەسەڵاتی تارانە.

لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی جۆراوجۆر لە درێژەی هەمان سیاسەتی تێرۆریزم هەوڵی لەخشتەبردنی کۆمەڵگای کوردستان دراوە و هاوکات بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و سازمانی خەبات و کۆمەڵە و باقی هێز و لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تێرۆری ئاخوندەکانی ئێران و تێرۆری فیزیکی کراون. هەموو ئەو تاوانە نەبەخشراوانە بە بەرچاوی جیهان کراوە و مخابن لە دونیای ساتوسەودای ئابووریدا ئەو جەنایەتانە دیزەبەدەرخۆنە کران و تاوانباران هەتا تاران ئیسکۆرت کران.

لە دەرکەوتەکانی گۆڕینی سیاسەتی ئامریکا لە ڕاست ئێراندا ئاماژەدان بە تێرۆری بەڕێزان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی بە دەستی دەوڵەتی ئێران لە لایەن بەرپرسانی باڵای ئامریکا بوو، کە ئەوەش دەکرێ وەک بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران قوربانیی دەستی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لێی بڕوانرێت.

قۆناغی ئێستا لەوانەیە باشترین دەرفەت بێ بۆ زیندووکردنەوەی هەموو کەیسەکانی تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی لە کوردستانی ئێران و بەتایبەتی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و هاوکات پێویستە و زەرووره بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو وڵاتانی بەرپرس لە بەرانبەر ئاسایشی جیهانیدا، بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخنە پشتگوێ و لەو چوارچێوەشدا بێدەنگی و بێهەڵوێستی هەتا ئێستە دەوڵەتی ئوتریش مەحکووم دەکەین .

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران و تێرۆری ڤییەن، تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی کوردستانی ئێران وەك دۆسییەیەکی کراوە سەیر دەکات و ئامادەیە لەگەڵ هەر دادگایەکی بێلایەن هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی دۆسییەی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردستان لەو دادگایەدا تاوتوێ بکرێت و چیتر لە بێدەنگی جیهانیدا کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران تێرۆر نەکرێن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: پێشوازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەکەین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو توێی ڕاگەیەندراوێکدا پێشوازی خۆی بۆ هەوڵی نوێی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا سەبارەت بە کەیسی تێرۆری دوکتوور قاسملوو ڕاگەیاند.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە تیرۆری د.قاسملوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا

کاتێک لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئورووپا، لە سەر داوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیخوازانە بۆ دابینکردنی ویست و داخوازە دێموکراتیکەکانی نەتەوەی کورد لە ئێران، لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش لەگەڵ هەیئەتی دیپلۆماتی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژدا بوون، کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللەی ئەو هەیئەتە و بەدەستی ئەوان و بە ئەمری سەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران و گیانیان لەدەست دا.

هەر ئەوکات دەوڵەتی ئۆتریش بە بێ لێکۆڵینەوە لەو تاوانە تیرۆریستییە، هەیئەتەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە ئیسکۆرت بەرە فرۆکەخانە و لەوێوە بەرەو تاران بەڕێ کردنەوە.

دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زمانی برایان هۆک، بەڕێوەبەری پلاندانانی ئەو وەزارەتەوە بە شێوەی ڕەسمی ڕایگەیاند: "ئەم مانگی ژووئیەیە، ٢٩ ساڵ بەسەر ڕووداوێکدا تێدەپەڕێ کە مەئموورە ئێرانیەکان، لە ڤییەن لەژێر پۆششی دیپلۆماتیکدا ڕێبەری ڕێکخراوێکی کوردی جودابیر و دوو کەسی دیکەیان لەگەڵی تیرۆر کرد."

هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە پێگەی فەرمیی خۆی لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت، بەڵگەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە شوێنی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە جیهان نیشان دەدات و لەو بەڵگەیەدا ڕووداوی تیرۆریستیی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی ئاماژە پێداوە کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ دوو کەسی دیکە، لە ڤییەن بە دەستی مەئموورە دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کاتی بەڕێوە چوونی ئەو کردەوە تیرۆریستیە، بەپێی ناسیاریەکی دروست کە لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیبوو و هەروەها کردەوە تیرۆریستەکانی دیکەی ڕێژیمی تاران، کە لە وڵاتانی ئورووپایی ئەنجامی دابوون، ئاماژەی بە ڕێژیمی تاران وەک بڕیاردەر و بکەری تیرۆری ڤییەن کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە تاوانباران گەیەندرابوونە تاران، هاواری ئەم حیزبە دەنگدانەوە و بەهاناهاتنەوەیەکی نەبوو، بەڵام ئێستا کە ئەو ڕاستییە بۆ دەوڵەتی ئەمریکا روون بۆتەوە و لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی خۆی، کۆماری ئیسلامی وەک بەڕێوەبەری ئەو تیرۆرە رادەگەیەنێ، ئێمە پێشوازی لەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئامریکا دەکەین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

هەروەها لەم کاتەدا پێویستە ڕابگەیەنین کە ئەوا بۆ جارێکی دیکە، وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خەریکی وتووێژن، پێویستە کە وەک ئەرکێکی مرۆیی و ئەخلاقی و بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیانیش بووبێ، هەموو تاوانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت تیرۆری ڤییەن لە پەروەندەی دانوستانەکانیان بخەنە بەرباس، چوونکە ڕێژیمی تاران قەت دەستی لە تیرۆر و کردەوەی تیرۆریستی هەڵنەگرتووە و بێدەنگی لە کردەوەکانی تەنیا هانی دەدا بۆ درێژەدان بەو کارە. هەروەک لەم ڕۆژانەدا بینیمان کە هەوڵی تیرۆریستیی دیکەی لە ئورووپا داوە و چەند تیرۆریستی سەر بەو ڕێژیمە لە بێلژیک گیراون و بەناو دیپلۆماتێکی دیکەی لە ئاڵمان دەسبەسەر کراوە و دیپلۆماتەکانی دیکەی لە هۆلەند دەرکراون.

ئەمانە دەیسەلمێنن کە سەرەکیترین ڕێگای بنبڕکردنی تیرۆریزم لە جیهاندا و وشککردنی ریشەی تیرۆر، تەنیا بە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرێ. هەموو هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕەفتار و سیاسەتی ئەو ڕێژیمە تەنیا زەحمەتێکی بێئاکامە و تەنیا ڕەنج و هەزینەکانی خەڵکی ئێران و ئازادیخوازان و نەتەوەکانی ئێران زیاتر دەکا. هەر وەک لە چل ساڵی ڕابردوودا هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕینی سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بێئاکام بووە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**١٨ی پووشپەڕی ١٣٩٧**
**٩ی ژووئیەی ٢٠١٨**

# ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

سەبارەت بە دوایین چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند: شەوی ڕابردوو، ڕێکەوتی ١٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە دەوروبەری گوندی کۆکە لە ناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان، شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چەکدارانی سپای پاسدارانی ڕێژیم ڕووی دا کە زیاتر لە یەک کاتژمێری خایاندووە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە بە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتووە لەو شەڕەدا ٤ کەس لە ئەندامانی سپای پاسدارانی ڕێژیم کوژراو وبریندار بوون.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەها ڕایگەیاند کە پاش ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونە هێزەکانی سپای پاسداران پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی ئەو ناوچەیان داوە و چەند کەسیشیان دەسبەسەر کردووە.

هەروەها زیانێکی زۆریان بە مەزراکانی کۆکە و دەروێشان و ئیسکی بەغدا گەیاندووە.

بەپێی دوایین زانیارییەکان ئەم ناوچەیە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بە تەواوەتی میلیتاریزە کراوە و هێلیکۆپتێرەکانی ڕێژیم بە بەردەوامی لە شاخەکانی حاجی کیمی، بێش بارماخ و کانی ئاسمان و پێمەڕەی فەرهاد دەسووڕێنەوە.

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو لایەک دڵنیا دەکاتەوە کە پێشمەرگەکان لە سلامەتی تەواودان و بەسلامەت درێژەیان بەچالاکییەکانی خویان دا.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

# ڕێژیمی تاوانباری کۆماری ئیسلامی چەکی فسفۆری دژی کوردستان بەکار هێناوە

بەپێی زانیاریەکانی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سوپای پاسداران لە تۆپبارانی کوردستاندا گولەی فسفۆری بەکار دێنێ.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند کە سوپای ترۆریستیی پاسداران، سەرەڕای هەموو کردەوە تیرۆریستی و دژە مرۆییەکانی، لە شەڕی دژی کوردستاندا تاوانی شەڕ دەخولقێنێ و لە گولەی فسفۆری لە تۆپبارانکردنی کوردستاندا کەڵک وەردەگرێ.

لە تۆپبارانکردنی ناوچەکانی کوردستان لە ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی پووشپەڕدا، سوپای پاسداران تۆپی فسفۆریی بەکار بردووە کە هەم بۆتە هۆی سووتانی ژینگە و هەم شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی کوردستان، بەهۆی گولە تۆپی فسفۆری بووە.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕادەگەیەنێ کە شەڕی سپای پاسداران دژی کوردستان، شەڕێکی دژە مرۆییە کە هەموو بەها مرۆیی و جیهانیەکان پێشێل دەکا و ناوەڕۆکی تیرۆریستی و دژەمرۆیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کات دەسەلمێنێ.

# هێزەکانی ڕێژیمی ئێران پەلاماری شوێنی ژیانی خەڵک دەدەن

ترس و تۆقینی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات، وای کردووە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران پەلاماری شوێنی ژیانی خەڵک بدەن.

لە چە ند ڕۆژی ڕابردوودا بە بیانووی چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان دەستیان داوەتە پەلاماردانی شوێنی ژیان و مووچە و مەزرای خەڵک و دەسبەسەرکردن و ئازاردانی کوێرانەی خەڵک و لەوەش زیاتر بۆسەدانان و تێرۆری لاوانی نیشتمانپەروەر لە زێدەکەی خۆیاندا.

ئێوارە ی ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ چەکدارانی ئیتلاعات و سپای دوژمن لە ناوچەی ئاڵەشین پەلاماری کێڵگە و گوزەرەکانی دەدەن و لە نێوان ئاواییەکانی مۆشیرئاباد و گوێگجەلی لە چەند کیلۆمیتری میاندواو دەسڕێژی لە ماشێنێکی سواریی شەخسی دەکەن و کەسێکی خۆشناو و خۆشەویستی ناوچەکە کاک "هەژار ڕەزایی" کە بە لاوێکی خەڵک خۆشەویست و نیشتمانپەروەر ناسراوبوو و خاوەنی دوو برای شەهید لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دابوو شەهید دەکەن.

وێڕای ئەوە پەلاماری ماڵان دەدەن و لە گوندەکانی ئاڵەشین و چۆمی مەجیدخان چەند کەس دەسبەسەر دەکەن و ڕەوانەی ئازارگەکانی دە سەڵاتی تارانیان دەکەن. ئەو سیاسەتە دزێوەی ڕێژیم دژی خەڵکی کوردستان بەردەوامە و بە دڵنیاییەوە هەتا کۆتایی ئەم دەسەڵاتە نگریسە بەردەوام دەبێ

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان: ژمارەیەک پاسداری ڕێژیم کوژران و بریندار بوون

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران کەوتونەتە بەر هێرش و پەلاماری هێزێکی شۆڕشگێڕەوە.

دەقی ئەو ئاگادارییە بەم چەشنەیە:

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاتژمێر ٧:٣٠، هێزێکی دژی گەلی سپای پاسداران، کە بۆ ئەزیەت و ئازاری خەڵک لە شاخی شاهۆ و بناری سەردەرە لە حاڵی گەشت دابوونە، کەوتوونەتە بەر پەلاماری هێزێکی شۆڕشگێڕ و لەو تێکهەڵچوونەودا، دوو پاسداری ڕێژیمی ئێران کوژران و ژمارەیەکیان بریندار بوونە.

هاوکات بەپێی زانیارییەکان هێزێکی زۆری سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لەم ناوچەیە بڵاو بوونە و شوێنی ڕووداوەکە بە چڕی تۆپباران دەکەن.

# خاکی کوردستان دوو شەهیدی لە ئامێز گرت



لە ڕێوڕەسمێکدا تەرمی دوو پێشمەرگەی شەهیدی کوردستان بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردران.

شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاتژمێر ٢ی شەو، بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵەی شەهیدان ئیدریس دەرویشی و ڕەحیم ڕۆستەم داستان، بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات و میوانان تەرمی دوو پێشمەرگەی کوردستان لە گۆڕستانی جێژنیکان بە خاک ئەسپێردران.

هاوکات لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی دوو شەهیدی سوورخەڵاتدا، ژمارەیەک لە فەرماندە نیزامی و پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشدار بوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بە بەشداریی بنەماڵەی شەهیدان ئیدریس دەرویشی و ڕەحیم ڕۆستەم داستان کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا، "کاوە بەهرامی" بەرپرسی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەهرامی لە قسەکانیدا وێڕای هاوخەمی و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو دوو شەهیدە و سەرجەم خەڵکی کوردستان، جەختی کردەوە کە خەباتی ڕاسان بە هەموو هێز و تواناوە دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەچێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهێزتر لە جارانی پێشوو لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکی و خەبات دەکات.

بەرپرسی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان باسی لەوەش کرد کە خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە، ئێمە هەتا وەدیهاتنی ئامانجی شەهیدانمان درێژەدەری ڕێگایان دەبین و تۆپباران و بۆردمانەکانی ڕێژیمی ئێران هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خەبات و چالاکی ئێمە نابێت.

ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشی دوو شەهیدی کوردستان وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان دوای چەند کاتژمێر کۆتایی پێهات.

شایانی باس دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەکانی حیزب بەهۆی تۆپبارانەکانی ڕێژیمەوە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات بە ناردنی پەیامی هاوخەمی، وێڕای سەرەخۆشی لە حیزب و بنەماڵەی شەهیدان بەڵێنی بەردەوامی لە ڕێبازی دێموکرات تا گەیشتن بە ئامانجی شەهیدانیان دا.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە نیسبەت تۆپبارانەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران و شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە ڕاگەیاندراوێکدا وێڕای مەحکوومکردنی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی کوردستان، لە لایەن سپای پاسدارانەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی تازەی نەتەوەکەمان دەکات.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، جارێکی تر ڕێژیمی جەنایەتکاری ئێران، تۆپخانەکانی وەگەڕ خست و ناوچە سنوورییەکانی حاجی عۆمەران و بەربەزینی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کرد؛ بەداخەوە لەو هێرشە نامرۆڤانەیەدا وێڕای زیانگەیاندن بە سروشتی ئەو ناوچانە دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون.

قەیرانە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان، بازنەی گوشارەکانیان لەسەر نیزامی دیکتاتۆریی ئێران تەسکتر کردووەتەوە و سیاسەتی کورتکردنەوەی دەستی تێرۆریستپەروەر و ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان پەیڕەو دەکرێ و نەك تەنیا لە یەمەن و سووریە ڕێژیم تووشی شکستی گەورە هاتووە، بەڵکوو لە وڵاتی عێراقیش سەرەڕای هەموو سەرمایەدانانەکانی، پێگەی لەرزۆک بووە و هەر لە ئێستەدا دروشمی خۆپیشاندەرانی ناڕازی لە باشووری عێراق، ڕووی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و داوای چوونەدەرەوەی ئەو ڕێژیمە و نەمانی هەیمەنەی دەکەن.

لەوەها حاڵەتێکدا کە خەڵکی وڵاتی عێراق، داوای نەمانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە دەکەن و ئەو پەیامە، دەسەڵاتدارانی تارانی نیگەران کردووە و هاوکات بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو سنوورە، ڕێژیمی ئاخوندی بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر خۆی و هاوکات ناردنی پەیامی هەڕەشەئامێز بۆ هەرێمی کوردستان، دەستی داوەتەوە خولێکی نوێ لە تۆپباران و بەزاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان و پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی وڵاتی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای ناردنی پرسە و سەرەخۆشی بۆ خەڵکی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان، تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکات و داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەڵکی بەشەرەفی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە هەمبەر ئەو یاساشکێنی و سنووربەزاندنانەی ڕێژیمی جەنایەتکاری ئێران کە بووەتە هۆی نائەمنی و شێوانی ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرە، بێدەنگ نەبن و پێش بە درێژەکێشانی ئەو ڕەوشە مەترسیدارە بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی جولای ٢٠١٨ی زایینی**

## درێژەی پەیف

چەکی قەدەغەکراو، تۆڵەی شکست و سەرشۆڕییەکانیان لە پێشمەرگە دەکردەوە.

ئێستاش دووبارە هەمان کردەوەی دژەمرۆیی لە دوژمنی گەل واتە کۆماری ئیسلامی دەبینیەوە، بەو جیاوازییەوە کە ئێستا چەک و ئامرازی دژەمرۆیی زیاتریان لە ڕێژیم و گرووپە هاوشێوەکانیان وەدەست خستوە و ڕقێکی پەنگخواردووی ژەهراویی زۆرتر بەسەر خەڵکدا دەبارێنن.

ئێستا سوپای پاسداران، بە چەکی فسفۆریی قەدەغەکراو لە پێشمەرگە و لە شاخەکانی کوردستان دەدەن. لە بەرەوڕووبوونەوە دەترسن، لە دوورەوە لە مەودای دەیان کیلۆمێترییەوە بەو ئامرازە تاوانبارانەی کە لە ڕێژیمی وەکوو بەشار ئەسەد و کۆڕەی شومالییان دەست خستوە، کینی ژەهر بە سەر کوردستاندا دەبارێنن.

هەرچی دوژمن زیاتر پەنا بەرێتە بەر کردەوەی دزێوتر و هەڵسوکەوتی ترسنۆکانەی دژەمرۆیی زیاتر بنوێنێ، دڵنیا بن کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات زۆرتر و زۆرتر تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە. ڕاسان تاوانباری سەرەکییە لە ترس خستنە نێو دڵی دوژمن، بۆیە ناوی ڕاسان بۆتە مۆتەکەی گیانی پاسدار و بەکرێگیراوان.

# دوو پێشمەرگەی کوردستان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون




فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوی کردەوە، لە ئەنجامی تۆپبارانی، تۆپخانەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێرانەوە، دوو پێشمەرگەی کوردستان شەهید بوون و درێژەی ڕێگایان بە هاوسەنگەرانیان ئەسپارد.

دەقی ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پیشمەرگەی کوردستان بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پیشمەرگەی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

لە درێژەی کردەوە دژە مرۆیی و تاوانبارانەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیدا، ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ سوپای تیرۆریستیی پاسداران ناوچە شاخاوییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوورەکانی پیرانشار و چۆمان وسیدەکان دایە بەر تۆپی ڕق و کین و ئەو ناوچانەی تۆپباران کرد. بە هۆی چڕی تۆپبارانەکە زەرەر و زیانی مادیی زۆر لە خەلکی ناوچەکە کەوت و بەداخەوە دوو پێشمەرگەی بەوەجی هێزی پێشمەرگە بە ناوەکانی ڕەحیم ڕۆستەم داستان خەڵکی مەهاباد و ئیدریس دەرویشی خەڵکی پیرانشار شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی گەلەکەمان.

لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و خەلکی کوردستان و هاوسەنگەرانیان دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە کە تا گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد درێژە بە ڕێگایان دەدەین.

**ڕۆحی شەهیدیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ**
**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧**
**١٧ی ژووئیەی ٢٠١٨**

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ: کەڵکوەرگرتن لە تۆپی فسفۆڕی لە تۆپبارانەکانی کوردستان پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە

Congress of Nationalities for a Federal Iran
Democracy • Freedom • Pluralism
www.iranfederal.org

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە ڕاگەیەندراوێکدا هێرشی تۆپخانەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران بۆ سەر سنوورەکانی کوردستان مەحکووم دەکات.

**دەقی ئەو ڕاگەیەندراوە بەم چەشنەیە:**

ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، لە پێوەندی لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە تۆپی فسفۆڕی لە تۆپبارانەکانی کوردستاندا

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، جارێکی دیکە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی تۆپباران کرد، کە بەداخەوە دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون و کەسێکی سڤیلیش بریندار بوو. لە ئاکامی ئەو تۆپبارانەدا ڕووبەرێکی بەرین لە دارستان و لێرەوارەکان لە ئاگردا سووتان و زەرەر و زیانێکی زۆر بە خەڵکی ناوچەکە گەیشت.

بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە لە لایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە، لەو تۆپبارانەدا لە تۆپی فسفۆڕی کەڵک وەرگیراوە.

بەپێی ڕێککەوتنامەی ساڵی ۱۹۸۰ی ژنێڤ، کەڵکوەرگرتن لە تۆپی فسفۆڕی لە شەڕدا و بەتایبەت لەو ناوچانەی کە خەڵکی سڤیلی لێیە، قەدەغەیە. چەکی فسفۆڕی "فسفۆڕی سپی" وەکوو چەکی کۆمەڵکوژ لە قەڵەم دەدرێت و کەڵکوەرگرتن لەو چەکە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی بە بیانووی بوونی حیزبە کوردییەکان بە توندی مەحکووم دەکات. هەروەها داوا لە دامەزراوە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مافە مرۆییەکان دەکات، لە پێوەندی لەگەڵ کەڵکوەرگرتن لە تۆپی فسفۆڕی لەو تۆپبارانەدا، لێکۆڵینەوە بکەن.

ڕابردووی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئیسلامیی ئێران پیشان دەدات، کە ئەو ڕێژیمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نامرۆڤانەکانی خۆی کەڵک لە هەر شتێک وەردەگرێت. ڕووخانی ڕێژیم تەنیا ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیە.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ**
**۱۸ی جولای۲۰۱۸**

# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڤییەن لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە چوو



بە ئامادەبوونی بەشێک لە بنەماڵە و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، لە کەمپی جێژنیکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ڤییەن بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی ٢٩هەمین ساڵیادی تێرۆرکردنی ڕێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد "د. عەبدولڕەحمان قاسملوو" هاوڕێ لەگەڵ "عەبدوڵڵا قادری ئازەر" نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و "د. فازڵ ڕەسوڵ" دۆستی حیزبی دێموکرات، بە دەستی دیپلۆماتە تێرۆریستەکانی تاران، لە بنکەی جێژنیکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز "خالید دەرویژە" ئەندامی دەستەی کارگێڕی خوێندرایەوە کە تێیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە خەبات و ژیانی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو باس لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی خەبات لە ڕابردوو و ئێستادا کرا.

پاشان سروودێک لەژێر ناوی "شەهید شەهید" لەلایەن دوو کیژی دێموکرات "ڕۆژین ئەحمەدزادە و شەفەق خووبایی" پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "شاهۆ ئەحمەدی"، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

دوابڕگەکانی ئەم ڕێوڕەسمەش بریتی بوون لە خوێندنەوەی شێعرێک بەناوی "ئازاری خەم" لەلایەن پێشمەرگەی حیزب "عەبدولڕەحمان یووسفی" و شێعری "سی هەناسە" لەلایەن شاعێری پێشمەرگە "مامۆستا بێبەش".

# بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە مەراسمی ڕۆژی نیشتمانیی فەڕانسەدا



"مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بە بانگهێشتێکی فەرمی، بەشداری لە مەراسیمی ڕۆژی نیشتمانیی فەڕانسەدا کرد.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ، لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کونسولخانەی فەڕانسە لە هەولێر، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزب، بەشداریان لە مەراسمی ڕۆژی نیشتمانی فەڕانسەدا کرد و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتیان بە "دۆمینینگ ماس" سەرکونسولی فەڕانسە ڕاگەیاند.

ئەم مەراسمە بە بەشداریی زۆربەی سەرکونسولیی وڵاتان لە هەولێر، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چەندین شاندی حیزبەکان و ڕاگەیاندنە بیانی و نێوخۆییەکان بەڕێوە چوو.

شایانی باسە لێپرسراوی حیزب، لە پەراوێزی ئەم مەراسمەدا چاوپێکەوتن و ڕاگۆڕینەوەی لەگەل چەندین سەرکونسول و کەسایەتی و نوێنەری حیزبە بەشداربووەکان و وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێک هێنا.

# بکوژی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بە سزای خیانەتەکانی خۆی گەیشت

بەکرێگیراوێکی ڕێژیمی ئێران کە دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی شەهید کردبوو، لە لایەن هەڵۆکانی زاگرۆسەوە بە سزای کردەوەی خۆی گەیشت.

وێبلاگی "هەڵۆکانی زاگرۆس" لە هەواڵێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، جاش و خۆفرۆشی سەر بە ڕێژیمی ئێران "حوسێن شوانکارە" کە دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بە ناوەکانی شەهید "عەبدوڵا تەبەرزە و موراد ڕەحیمزادە"ی شەهید کردبوو، بە سزای خیانەتەکانی گەیشت.

هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاویان کردووەتەوە کە "حوسێن شوانکارە" پاش ڕۆژگارێکی درێژ لە خۆشاردنەوە لە کۆڵانەکانی دوژمندا، سەرەنجام ئەم ئێوارەیە لە لایەن پۆلی قەندیلی هەڵۆکانی زاگرۆسەوە لە "پیرانشار" کوژرا.

هاوکات هەڵۆکانی زاگرۆس جەختیان کردووەتەوە کە ئەو بەکرێگیراوانەی دەستیان بە خوێنی ڕۆڵە خەباتکارەکانی گەلەکەمان سوورە بە سزای کردەوەکانیان دەگەیەنن.

# شارەکانی کوردستان پێشمەرگەیان لە ئامێز گرتووە

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە درێژەی کارو چالاکییەکانی خۆیدا لە شاری بانە کۆبوونەوەی بۆ خەڵک گرت.

بەپێی ئاگادارییەک کە لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمجارە لە شاری بانەدا کۆبوونەوەیان بۆ خەڵك گرتووە و چەمک و ئامانجەکانی ڕاسانیان بۆ خەڵکی شاری بانە شی کردووەتەوە، کە خەڵکی تێکۆشەری بانە پێشوازی گەرمیان لە پێشمەرگەکانی کوردستان کردووە و خۆشحاڵیی خۆیان سەبارەت بە بوونی پێشمەرگەی کوردستان لە نێو خەڵکدا دەربڕیوە.

لە درێژەی کار و تێکۆشانی پێشمەرگەی کوردستان، شەوی ٢٢ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ کاتژمێر ٧ی ئێوارە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی سەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری پێشمەرگەکانی شار چوونەتە ناو شاری بانە و لە گەڕەکەکانی بنی ڕزان تەنیشت قایبەرد لە گەڵ خەڵک چاوپێکەوتنیان کرد و لە گەڵ پێشوازی گەرمی خەڵکی ئەو شارە بەرەوڕو بوون، بۆ ماوەی نزیک بە یەک- دوو کاتژمێر لە ناو شاردا مانەوە و پاشان بە سەرکەوتوویی درێژەیان بە مەئموورییەتی خۆیان دا.

# یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سمینارێکی بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بەڕێوە برد

سمینارێک بۆ ناساندنی زیاتری بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو، لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ١٦ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، لە بەرەبەری ٢٩هەمین ساڵوەگەڕی کارەساتی تێرۆریستیی ڤییەن و ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا، سمینارێکی زانستی لە لایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بە هاوکاریی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ئەو سمینارە زانستییە کە لە دوو پانێل پێک هاتبوو، کاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارە بە کاتی باشووری کوردستان بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لە پانێلی یەکەمدا دوکتور هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی لەمێژینەی یەکیەتیی خوێندکاران، باسێکی تێروتەسەلی لەسەر پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز ڕەحیمی لە وتەکانیدا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەو بنەما ئەخلاقییانەی کە دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا پێڕەوی کرد، ڕایگەیاند دوکتور قاسملوو فێری کردین کە وەک خۆمان بیر بکەینەوە و شارەزاییمان لە تیۆری و زانستەکانی سەردەم و دەوروبەر نەبێتە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی بکەوینە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژییە نامۆ و بێگانەکان و هەوڵ بدەین بە هەر نرخێک، ئەو فیکرانە لە کۆمەڵگای کوردستاندا تەتبیق بکەین، هەر بۆیە سوسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە نەک ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو، بەڵکوو بەرنامەیەکی پراگماتیستییە کە دەبێ بە گوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردستان خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەوڵ بۆ سەرخستنی بدرێت.

لە پانێلی دووهەمدا، بەڕێز زانیار بەهاری، ڕاوێژکاری دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکاران، باسێکی زانستیی لەسەر بنەما سەرەکییەکانی هزر و ڕوانینی دوکتور قاسملوو پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە وتەکانیدا دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خەبات بۆ دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی وەکوو سێ کۆڵەکەی سەرەکیی هزری دوکتور قاسملوو ناساند و جەختی لەوە کردەوە کە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ئەو سێ تەوەرە تەواوکەری یەکترن و خەبات بۆ دابینبوونی هەرکام لەو ئامانجانە نابێ بکەوێتە ژێر سێبەری ئەوانی دیکە.

لە کۆتایی هەرکام لە پانێلەکاندا بەشداربووانی سمینارەکە، سەرنج و تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ تەوەرەکانی سمینار ئاراستەی بەڕێزان هەژار ڕەحیمی و زانیار بەهاری کرد کە پرسیارەکان دواتر لە لایەن بەڕێزانەوە وەڵام درانەوە.

# کتێبی "قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنە نوروێژییەکانەوە" بڵاو کرایەوە

کتێبی "قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنە نوروێژییەکانەوە" لە نووسینی "عەلی مۆنەزەمی"، ئەندامی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی نوروێژ بە بۆنەی ٢٩مین ساڵیادی شەهیدبوونی د.قاسملوو و هاوڕێیانی بڵاو کرایەوە.

کتێبی "قاسملوو و خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنە نوروێژییەکانەوە" لە نووسین و وەرگێڕانی "عەلی مۆنەزەمی"، ئەندامی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی نوروێژ بە شێوەی PDF بڵاو بووە.

ئەو پەرتووکە لە سێ بەش پێک دێ کە بریتین لە ١. پێشەکی ٢. نرخی ئازادیی گەلی کورد و هەوڵ و تێکۆشانی دوکتۆر قاسملوو بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی خومەینی لە پەنجەرەی ڕۆژنامەکانی نوروێژییەوە ٣. خەباتی ئێمە وەک خەباتێکی ڕەوا (خەباتی ڕەوا لە ڕوانگەی شەهید دوکتۆر قاسملووەوە).

کاری گرافیک و دیزاینی ئەم کتێبە لە لایان کاک هۆزانەوە ئەنجام دراوە.

عەلی مۆنەزەمی ئەم کتێبەی پێشکەش بە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی قۆناخی نوێی خەباتەکەمان – شەهیدانی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کردووە.

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات بەم بۆنەوە سپاسی کاک عەلی مۆنەزەمی نووسەری ئەو کتێبە و کاک هۆزان دیزانینێری ئەو کتێبە دەکات کە ئەرکی زەحمەتەکانی ئەو کتێبەیان وەئەستۆ گرتووە.

# چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵات بەردەوامە

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەبارەت بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆدا ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیاندا لە نێوخۆی وڵات ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی چوونە نێو ئاوایی دەرەزیارەتی سەرێ لە ناوچەی سەرشیوی سەقز و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵکی ناوچە بەرەوڕوو بوونەوە.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند کە لەلایەن فەرماندەی پێشمەرگەکانەوە کۆبوونەوەیەک بۆ خەڵکی ئاواییەکە بەڕێوە چوو و یادی شەهیدی مەزن، دوکتور قاسملووی نەمر بەرز ڕاگیرا.

فەرماندەی ئەم هێزە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا باسی لە قۆناغی نوێی خەباتەکەمان واتا ڕاسان کرد و لە سەر ئەرکی خەڵک و پێشمەرگە لەم بارەوە جەختی کردەوە.

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە، پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەر مزگەوتی ئاوایی ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵکرد و بۆ درێژەدان بە کار و چالاکییەکانیان شوێنەکەیان بە جێهێشت.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەروەها ڕایگەیاند کە ڕۆژی دواتر واتا ڕۆژی دووشەممە، ٢٥ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی بەکرێگیراو و جاشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی هەبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕژانە نێو ئاواییەکە و هاوکات لەگەڵ هێنانە خوارەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، چەند کەس لە خەڵکی ئاواییان دەسبەسەر کرد.

# ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی کورددا کەسێکمان بۆ قاسملووی لە گەڵ موقایسە بکەین، کەسمان دەست ناکەوێ؛ ئەو بێهاوتایە.




دەقی وتەکانی بەڕێز تاهیر مەحموودی لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڤییەن لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکرات

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان
ئەندامانی بەڕێزی ناوەندی سیاسی و دەستەی کارگێڕی
کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان
میوانانی هێژا
بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین

ئەمڕۆ ٢٩ ساڵ بەسەر تێرۆری ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو، بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێدەپەڕێ. لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە تا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بگرین و ئەزموون و دەرسەکانی بکەینە سەرمەشقی ژیان و خەباتمان.

لە ڕەوتی خەباتی بێ پسانەوەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیدا و ڕاست لەو ساڵەی سەرکردەی شۆڕشگێڕی کورد سمایل ئاغای سمکۆ بە پیلانی دەسەڵاتدارانی تاران شەهید کرا، عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەوی یەڵدای ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ی زایینی لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و دەست ڕۆیشتوودا لە دایك بوو. هەروەها، تەمەنی مێرمنداڵیی دوکتور قاسملووی نەمر هاوکات بوو لەگەڵ پڕشنگدارترین قۆناغی سیاسی مێژووی کورد، کە ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو بە ڕێبەرایەتیی پێشەوای مەزن؛ هەر بۆیە، ڕووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی نەتەوایەتیی کورد لە پارچەکانی دیکە، داستانی قارەمانەتییەکانی شەهید سمکۆ و پێوەندییەکانی بنەماڵەکەی بە شۆڕشی نوێی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە وێردی سەرزمان و باس و خواسی خەڵکی ئەو سەردەمەی کوردستان بوو. عەبدولڕەحمانی قاسملوو وەک مێرمنداڵێکی ژیر و وریا ئەم ڕووداوانەی لە مێشک و بیری تیژی خۆیدا تۆمار دەکرد و کاری تێدەکرد. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم".

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی سەرەتا لە ورمێ دەستپێکرد و هەروەها بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات هەر لەو شارە لە ساڵی ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی دەست پێکرد. بەڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥دا بۆ درێژەدان بە خوێندن سەرەتا ڕووی لە تاران و پاشان لە هەندەران کرد. کاتێک وەک خوێندکار لە پاریس گیرسایەوە لەوێش دەستی بە چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆی لە یەکێتییە خوێندکارییەکاندا کرد. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاری چەند خوێندکاری دیکەی کورد "کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند. بە هۆی فشارەکانی ڕێژیمی شا و باڵۆێزخانەی ئێران لە پاریس، ناچار بوو فەرانسەش بە جێ بێڵێ و بچێتە پڕاگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. بە گشتی ژیانی دوکتور قاسملوو لە ئورووپاش پڕ لە هەوراز و نشێو بوو هەر ئەم هەوراز و نشێوانەش وایان کرد بوو دوکتور قاسملوو لە بواری سیاسی، ڕێکخراوەیی، پێوەندییە ئاکادیمی، خوێندکاری و سیاسییەکاندا قاڵ بێت.

لەو ماوەیەدا کە لە پڕاگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیشدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پڕاگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیەدا وەك نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوە و کۆنفڕانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاواندا لە شاری بوداپێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی موسەدیق، دکتور قاسملوو گەڕایەوە ئێران و چالاکیی سیاسیی خۆی دەست پێکرد؛ بەڵام بە کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ پڕاگ و ئەوجار درێژەی بە خوێندنی دکتۆراکەی دا. ساڵی ١٣٤١ دوکتورای لە زانستی ئابووریی سیاسی وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پڕاگ دەرسی "ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سوسیالیستی و تیئۆریی گەشەی ئابووری"ـی گوتەوە. بەرهەمی چالاکییە ئاکادیمی و زانستییەکانی کتێبی پڕ بایەخی "کوردستان و کورد" بوو. دوکتور قاسملوو هەم بە چالاکی و پێوەندییە ئاکادیمییەکانی خۆی و هەم لە ڕێگای ئەم کتێبەوە کێشەکان، پێکهاتەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد ی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە دنیای ئەکادیمی، مێژوونووس، ڕۆژنامەنووس، و لێکۆڵەرانی کورد ناساند.

دوکتور قاسملوو پاش دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازار و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و دەوڵەتی ناوەندی لە ئورووپا گەڕایەوە کوردستان و بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان ڕێکخستەوە لە کۆنفڕانسی سێهەمی حیزبدا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠دا گیرا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا و هەتا کاتی شەهیدبوونی ئەو ئەرکەی بەڕێوە برد.

ڕێبەری شەهیدمان باوەڕێکی پتەوی بە چارەسەری ئاشتیانە و سیاسییانەی مافەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران هەبوو. چونکە لەگەڵ گەشەکردنی تەمەن، خوێندەواریی، ئاشنابوونی لەگەڵ دونیای ڕۆژئاوا و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاکامەکانی شەڕ وماڵوێرانی باش دەزانی و لە جیهانبینیی دوکتور قاسملوودا بیرکردنەوەی مەنتیقیانە، ئینسانی و دێموکراسی بەدیلی ڕێگا چارەکانی دیکەی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەوەی خەباتی نەتەوەکەی بەخەباتێکی ڕەوا و دادپەروەرانە دەزانی و دوژمنانی کورد هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ چارەسەر مەسەلەکان جگە لە شەڕ و خۆ سەپاندن نەهێشتبووەوە، زۆر شۆڕشگێڕانە و ئازایانە ڕیزەکانی خەباتی پێشمەرگانەی کوردستانی هەڵبژارد و ڕێبەریکردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و حیزبی دێموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتە ئەستۆ.

بەداخەوە، ڕێژیمی کۆنەپەرەست و خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی، کە دوکتور قاسملوو بە ڕێژیمی سەدەکانی ناوەڕاستی ناوی دەبرد، ئەم بیرە ئینسانی، دێموکراتی و پێشکەوتنخوازانەیەی دوکتور قاسملوو، واتا چارەسەری کێشەکان بە گفتوگۆی کردە هەلێک بۆ شەهیدکردنی ئەم ڕێبەرە بیرمەند و مەزنە و بەناوی وتوێژەوە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) نوێنەرانی جەهل و تاریکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لە سەر مێزی وتووێژ وێڕای هاوڕێی تێکۆشەر کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا و کەسایەتیی ئاکادیمی کورد دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی باشووری کوردستان تێرۆر کرد.

دوکتور قاسملووی نەمر لە تەمەنی پڕ لە شانازیی و سەرەوریی خۆیدا قوتابخانە و ڕێبازێکی پێکهێنا بوو کە ببێتە ڕووگەی هیوا و هومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکەی. بیر و ڕێبازی زانستی، فەلسەفی، سیاسی و دێموکراتییانەی دوکتور قاسملوو شتێک نەبوو لەگەڵ جەستەی بڕوا و بەجێمان بێڵێت. بەڵکوو بوو بە چرای خەبات و تێکۆشانمان. ڕێبازی قاسملوو ئێستا ڕێبازی سەرکەوتووی فکری، پەروەردەیی و سیاسیی ڕۆژ و سەردەمە. ئەوەی سەرشۆڕی بۆ مایەوە ڕێبازی جەهل و خورافاتی ئاخوندیی و ئەو ئیدۆلۆژی و بیرکردنەوانە بوو کە ئایدۆلۆژیی بەری چاوی تاریک کردبوون. ئەوە وانەکانی مەکتەبی قاسملوون کە ئێستاش لە فێرگەکانی حیزب، نێو خێزان و ماڵەکانی کوردستان، شەقامەکانی شار و سەنگەرەکانی شاخی پڕ کردووە و تەنگی بە دوژمن هەڵچنیوە. لێرەدا، بە پێویستی دەزانین کە پوختەیەک و شەپۆلێک لە دەریای هزر و فەلسەفەی سیاسی و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دکتور قاسملوو بخەینەو ڕوو کە ئێستا بوونەتە بنەماکانی خەباتی نوێی خۆرهەڵات و ڕاسانی نوێی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

- لە سیاسەتی دیفاعییەوە بۆ سیاسەتێکی بزوێنەری شۆڕشگێڕانە

ڕێبەری شەهیدمان پێی وابوو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد پێویستە لە سیاسەتی دیفاعییەوە بۆ سیاسەتێکی بزوێنەر هەنگاو بنێت. هەربۆیە دەیفەرموو: "هەرجوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بکەوێتە سەر باری ئەوە کە سیاسەتێکی دیفاعی بەخۆیەوە بگرێ، بە دەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەقەنێ". جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە دەبێ هەلومەرجێکی ئەوتۆ بخولقێنێ کە تووشی مەندی و ڕاوەستان نەبێت ڕاسانی نوێێ خۆرهەڵات وەدیهێنەری ئەم فەلسەفەیە و بەکردەیی کردنی ئەم تیۆرییەی مامۆستای نەمرمانە لە ئێستادا. هەروەک خۆشی گوتاری سیاسی و شۆڕشگێڕیی جوڵانەوەی کوردی بزێو و چالاک، ڕێبەری کرد و نەیهێشت ڕاوەستێ. زانایانی تیۆریی ڕێکخستنیش ئاماژە بەوەدەکەن کە "ڕێکخراوەکان تەنیا تا ئەو کاتە هەن کە ئەندامەکانیان خۆیان لە ڕێگای گوتارێکەوە بەرهەم بهێننەوە". ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردووە بە ناوی ڕاسان وەڕێی خستووە، ڕاست ئەم بزوتنە شۆڕشگێڕانەیە و ئەم دەربازبوونەیە لە مەندی و ڕاوەستان کە حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلی کوردستانیشی لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ خۆی وە گوڕوتین خستووەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەمە ڕاست ئەو هەلومەرج خولقاندنەیە کە ڕێبەری مەزنمان ئاماژەی پێداوە و ئەو گوتارەیە کە بزوتنەوەکە وەک بزوتنەوەیەکی جەماوەرتەوەر شار وەک چەقی خەبات هەڵدەبژێرێت، هاندەری خەڵکە خۆی باوەڕی بەخۆی بێت و ڕزگاریدەری خۆی بێت.

- واقع بینیی سیاسی و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی (پێشمەرگە و خەڵک قەڵای خۆڕاگریی شۆڕشی نەتەوەیی کورد)

تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتور قاسملوو واقع بینیی سیاسی و لەگەڵ ئەو واقع بینییەدا خۆشبینی و هیواداربوونی بە هێزی گەل و پێشمەرگە بوو. واقع بینییەکەی وایکرد بوو مەسئوولانە هەنگاو بنێت و تەنیا دروشم نەدات، بەڵکوو لەگەڵ ڕاستییەکان بزوتنەوەی کورد بەرێتە پێشێ، چونکە بۆ خۆی وەک مامۆستایەکی زانکۆ و لێکۆڵەرێکی سیاسی و لە ڕاستیدا وەک کۆمەڵناسێکی گەورە کۆمەڵەکەی خۆی لە پێشدا باش ناسیبوو. شۆڕشەکانی کوردی هەڵسەنگاندبوو، باری جوغرافی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەزانی چۆنە. دەیزانی کە کۆمەڵی کوردەواری پێویستیی بە ئاستێکی وا لەگەشەکردنی نەتەوەیی هەیە کە ناکۆکی و دووبەرەکییەکانی بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی حیزب و گەل وەلا بنێت هەتا ئەوەی یەکێتییەکی فیکری و سیاسی لە بزوتنەوەکەدا بەدی بێت و لە بێ سەروبێ سامانییەک دەرچێت کە بەشێوەیەکی مێژوویی پێیوە دەیناڵاند. هەر بۆیە لەگەڵ بەرەپێشچوونی خەباتی نەتەوەکەمان دەڵێ: "ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دڵنیاین کە خەباتەکەمان سەردەکەوێت، چونکە سیاسەتێکی واقعبینانەمان هەیە، گەلەکەمان پشتیوانیمان لێدەکات و هێزی پێشمەرگەی کوردستانمان هەیە". ئەم بنەمایانە ئێستاش خەتی سەرەکی خەباتی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکە و پێسمەرگە و خەڵک لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان هەروا دەستەملانی یەکن.

- دێموکراسی و پێوەندیی دیموکراتیکی نێوان نەتەوەکان لە ئێراندا

درێژە لە لاپەڕەی ٦



درێژەی لاپەڕەی ٥

کاک دکتور قاسملوو گرنگییەکی تایبەتی بە دێموکراسی و هەبوونی هێزە دێموکراتیکەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەدا و باش دەیزانی کە کۆمەڵگایەکی پاشکۆ و پەراوێزخراوی وەک کورد پێویستیی بەوەیە دەورووبەرەکەشی تێگەیشتنێکی دێموکراتیکیان بۆ نەتەوەی کورد و نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێران هەبێت. هەر بۆیە، پێیوابوو "چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ خۆی بەشێکە لە دێموکراسی، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لە نێوان نەتەوەکاندا پێک بێ". لەهەمانکاتیشدا هەروا شۆڕشگێڕانە باوەڕی بە سیاسەتی بزوێنەری بزوتنەوەی کورد هەبوو و دەیفەرموو: "ئەگەر دوژمنانی شۆڕشی کورد پێیان وایە بە سازکردنی بەیت و باوی جیاوازیخوازی دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بە خۆیە بگرێ و داوای مافە ڕەواکانی نەکا، زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان دەکەین و لە ڕێگای وەدەست هێنانی ئەو مافەشدا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین، ئێمە دڵنیاین هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا، ڕێژیمێکی بە ڕاستی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیک نابێ، ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکا."

- کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هێزی سەرەکی ڕزگاریی کوردستانن

لە گوتاری دکتور قاسملووی نەمردا هەمیشە "هێز و عامیلی سەرەکی ڕزگاریی خەڵکی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خۆیان بوون و هێز و عامیلی دەرەوەی تەنیا بە یاریدەدەر" دەزانی. ئەم ڕەگەزەش لە گوتاری کاک دکتوردا ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنانی گوتاری نوێی خۆرهەڵات و ڕاسانی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە ئێستا لە گرێدانەوەی خەباتی شاخ و شاردا وا قوتابییەکانی قاسملووی مەزن لە شار و گوندەکانی کوردستان خەریکن بەڕێوەی دەبەن. هەر ئەمەش وای کردووە کە گەلی کورد شانازی بە قاسملووە بکات و لە هەموو خۆپیشاندان و دەرکەوتنێکیاندا "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" وێردی سەرزمانیان بێت. هەرچەند دوژمنانی فێڵباز و چەواشەکار ویستیان ئەم جووڵانەوە نوێیەی حیزب و پێشمەرگەکان بە عامیلی دەرەکی و وڵاتانی دەروە نیسبەت بدەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و هەر سەرشۆڕی و دەستەوەستانییان بۆ مایەوە. چونکە دونیای دەرەوەش و خەڵکی ئێرانیش باش دەزانن کە لە ڕێبازی قاسملوودا یەک هێزی بڕیاردەر و ڕزگاریخواز هەیە ئەو هێزەش خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانە کە بڕیاری داوە درێژەدەری ڕێبازی قاسملوو بێت و بۆ گەیشتن بەمافە ڕەواکانی پشت بەهێزی مادیی و مەعنەویی خۆی ببەستێ.

-چۆنیەتی دەرکەوتن لە کات و شوێنە تایبەتەکان: قاسملوو ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان

لایەیەنێکی گرنگی دیکەی کەسایەتیی دکتور قاسملوو ئەوە بوو لە هەر شوێنێک و هەربارێکدا بە شێوەی شایان دەردەکەوت. لە جیهانی دیپلۆماسیی دەرەوەدا دیپلۆماتێکی بەرجەستە و دیار و ڕێزلێگراو بوو. تایبەتمەندییە کەسییەکانی، تواناییەکەی لە زمانزانین، پێوەندیی کردن، ئیستدلال و مەنتیقی گفتوگۆ و زانیاریی سیاسی و ڕۆشنبیری پێگەیەکی دیاری لە نێوە کوڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانی، ڕۆژهەڵاتی و ئورپاییەکان پێبەخشیبوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم مامۆستا مەزنە، لە کوردستان و لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا، پیاوێک بە جلوبەرگێکی سادەی پێشمەرگانەوە، جامانیەک بەسەرەوە، ئاشقێکی زمان و ئەدەبی کوردی بوو. فەڕشی بەرپێی هەر خاکی پاکی کوردستان، کۆشکی حەسانەوەی خانوویەکی گڵینە و پشتییەکەی گاشەبەردێک و سەیوانەکەی داربەڕوویەکی چیاکانی کوردستان بوو.

لەهەمووی مەزنتر، میراتی قاسملوو بۆ نەتەوەکەی حیزبێکی بەپرنسیپ، مەسئول، بەئەخلاق و ڕەوشتی بەرزی سیاسی، ڕێبازێکی فکری و سیاسیی مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە، ناوبانگێکی پڕ لە سەرفرازیی و دونیایەک وشەی زێڕین لە "کوردستان و کورد"، "چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا"، "کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم"دا و دەیان وتار و گفتوگۆی سیاسییە کە لە قوتابخانەیەکدا بە ناوی "ڕێبازی قاسملوو" ئێستا وێردی سەر زمانی شەقام، زانکۆ، قوتابخانە و فێرگەکانی شار و شاخە.

ئەو قەت حەقیقەت و گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی لە پاوانی خۆیدا نەدەدی، نەی دەویست حیزبی دێموکرات تاقانە بێ. بەڵام تێدەکۆشا حیزبی دێموکرات بەهێز و کاریگەر بێ لە مەیدانەکەدا. ئەو پێی وابوو تەوافوق دەبێ لە ئاکامی هاتنە گۆڕی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە وەدەستبێ.

هەر بۆیە ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی کورددا کەسێکمان بوێ قاسملووی لە گەڵ موقایەسە بکەین، کەسمان دەست ناکەوێ و ئەو بێهاوتایە. ئەو تەنیا لەگەڵ خۆی یانی قاسملوو موقایسە دەکرێ!

ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بووەتە دیسکۆرس و گوفتمانی زاڵی سیاسی لە کوردستاندا. بووەتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران. خوێندکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، دانشگاهیان و باقی چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەرگرن . هەرچەند دوکتور قاسملوو هاونەسلی نەسلی ئێستای کوردستان نییە، بەڵام ئیدە و پەیام و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا هەر سەردێری نوێی خەبات و تێکۆشانن.

لە سیاسەتدا ئایندەنگەر بوو. خۆ بەزلزان نەبوو. متوازع بوو. دیدێکی ئاوەڵای هەبوو. خاوەن نەزەر و هەڵسەنگاندنی خۆی بوو. بۆیە لە لایەن هەموو ئەکتەرەکانی سەر شانۆی سیاسەتی ئێران و کوردستان تەنانەت موخالیفەکانیشی بە جیدی وەردەگیرا و جێی ڕێز بوو.

قاسملوو دەیگوت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەم دایە و کوردستان دابەش کراوە. ئەو دۆخە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەرۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بە ئێسکو پێستەوە هەست بەو ستەم و نادادپەرەرییە دەکا کە لە سەر کوردە. هەر بۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، بەو هەموو ئاگاهیە کە ڕۆژانە وەک شنەبا بڵاو دەبێتەوە، نەوەی نوێی کوردستان شوێنی مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ و لە جەوهەری پەیامی قاسملوو تێدەگا.

ئازایەتی لە هەلوێست گرتندا، بینشی قوڵی سیاسی و شەهامەتی سیاسی کە لە قاسملوودا هەبوون، لە هەموو سیفەتەکانی دیکەی زەقتر بوون. زەمانێک کە زۆر کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوی سیاسی جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی: "ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ". ئەگەر نەزەراتی ئەو لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا دەنگی قاسملوو بۆ دیفاع لە ئازادی و دێموکراسیدا، جەسوورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆرا نەبوو بە کوردستانیان دەوت سەنگەری دیفاع لە ئازادی.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بوو. بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. تێگەیشتنێکی دروستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بە کام دۆخی مێژوویدا تێدەپەڕن. شارەزاییەکی تەواوی لە سەرمێژووی ئێران و کوردستاندا هەبوو.

فێری کردین هەر هاوپەیمانییەک لەسەر ئەوە ببەستین کە ئەو لایەنەی لە گەڵی دەچینە نێو هاوپەیمانییەوە چی دەوێ، نەک ئەوە کە دژی کێ یە، دەیگووت ئەگەر لەگەڵ هەر هێز و لایەنێک تەنیا لەسەر ئەساسی ئەوە ڕێککەوین کە دژی کێیە لە نیهایەتدا بێ ئیعتبار دەبین.

پووشپەڕ بۆ ئێمە وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی تاڵی دیکەیە ئەویش شەهیدبوونی هاوڕێی خۆشەویستمان کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسی کە بە داخەوە لە ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی دوا ماڵاوایی لێ کردین. کاک سەلام سیمایەکی ناسراو و کەسایەتیەکی سیاسی و قوتابیەکی وەفاداری ڕێبازی دێموکرات بوو کە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە هەموو وجوودەوە خزمەتی گەلەکەی کرد.

هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی دوکتور قاسملوو زۆر تاتبەتمەندی بەرزی تریشی کە باس کراون، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دەسەڵاتەی بڕیاری شەهیدکردنی دوکتور قاسملووی دا چەندە لە نەزانیدا دەژی، دوای نیزیک بە چوار دەیە، ئێستا دۆخی ئەم ڕێژیمە چۆنە و بە چ شێوەیەکە، هەروەک دەزانین لە نێو کۆمەڵگای نیودەوڵەتیی بە هۆی سیاسەتی دەخاڵەت لە وڵاتانی ناوچە، پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و سەرکوت و ئێعدام بە تەواوی تەریک کەوتووەتەوە، دوای کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام و زیادبوونی گەمارۆکان، دۆخی ڕێژیم لە باری ئابووری، سیاسی و تەناتەت کۆمەڵایەتیی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێ و ناڕەزایەتیەکانی بەفرانباری ڕابردوو، هەروەها بەردەوام بوونەوەی ئەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیانە لە شارە گەورەکانی ئێران و کوردستاندا کارێکی کردووە کە ماهیەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم نەک هەر بۆ خەڵکی ئازادیخوزای وڵاتەکەمان بەڵکوو بۆ مۆرە و بەرپرسانی ڕێژیمیش بە تەواوی دەرکەوتووە.

هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە خەڵک بە تەواوی بێزارە، سەرکووت و زوڵم و جینایەتی ڕێژیم و ماڵوێرانییەک کە لەو ماوەی دەسەڵاتیدا بۆ خەڵکی ئێرانی بە دیاریی هێنا ئیتر دەبێ کۆتایی پێ بهێنرێ، ئەوەش تەنیا بە یەکگرتوویی ویەکدەنگی خەڵک وەدی دیت و جیا لە نەمانی ئەو ڕێژیمە هیچ چارەیەکی‌تر نیە کە بتوانێ ئازادی و ئاشتی و مافەکانی گەلانی ئێران دەستەبەر بکات.

دەوڵەت و کاربەدەستانی ئوتریش، کە لەبەر بەرژەوەندی و سات و سەودای بازرگانی قاتڵەکانیان ڕەوانەی تاران کردەوە و بەم کارەیان پەلەیەکی ڕەشیان خستە سەر ئەو دادپەروەرییەی کە باسی دەکەن، کاتی ئەوە هاتووە خۆیان لەو شەرمەزارییە رزگار بکەن و چی دیکە چاو لەو جینایەتە گەورەی ڕێژیمی تاران نەنووقێنن.

کەوایە ئەرکی سەرشانی سەرجەم هێزە سیاسییەکان، خەڵکی تێکۆشەری وڵاتەکەمانە هەر وەک لێیان چاوەڕوان دەکرێ. چی لە دەستیان دێت درێغی نەکەن و پاڵپشت و پشتیوانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن.

جاریکیتریش وێرای سڵاو بۆ گیانی دوکتور قاسملوو سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان پەیمانی وەفاداریمان نوێ دەکەینەوە و کە هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان درێژەدری ریگایان بین.

یادیان بەرێز و سەرکەوتن بۆ ڕاسان،

# ڕاسان ، شەرەف ، ئەخلاق و پێشمەرگە



**کاتێک کە بەشێکی زۆر لە قارەمانانی میللەتەکەمان لە حەماسەکانی قەرەسەقەل و کۆساڵاندا شەهید بوون ڕاسان نەترسا و چۆکی نەلەرزی و مەیدانی خەباتی بەجێ نەهێشت. ئێستاش کە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ڕاسان لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر جێگای خۆی دەکاتەوە و جیلی نوێ زیاتر بەرەو ئامێزی دێن، ڕاسان لەخۆبایی نابێت و وەجدی ناسالم نایگرێت، ئەمە حەددی نێونجی خەباتێکی بەردەوامە کە تا لووتکەی ڕزگاری هەڵدەکشێت.**

نەکەرۆز

لەوانەیە وەک یاد و بیرەوەری مێژوویی بتوانین ئاماژە بە زۆر ڕووداوی گرینگ بکەین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکدا بە خۆشی یان ناخۆشی تێیدا تێپەڕ بووە. مێژوویێک کە پڕە لە حەماسە و قارەمانی نواندنی کیژان و کوڕانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بۆ هەتا هەتایە لە دڵی مێژوودا دەمێنێتەوە و داگیرکەرانی خوێنڕێژ و ئینسانکوژی تارانیش هیچ کات ناتوانن بیسڕنەوە. حەماسە و قارەمانی دەتوانێت زۆر تەعریفی بۆ ئێمەی کورد ببێت. قارەمانی لوتکەی نەترسی و بوێرییە و کەسێک کە بەو پەڕی شەهامەتەوە لە بەرانبەر نەیار و دوژمنی گەلەکەیدا ڕادەپەڕێ و بەرەنگاری لە مان و مەوجودیەتی نەتەوەکەی دەکات دەکرێت پێی بڵێین "قارەمان". هەڵبەت ئەوە کۆمەڵانی خەڵکن کە پاشی حەماسەکە نازناوی قارەمان دەبەخشن بەو کەسە و دەبێت کردەوە شۆڕشگێڕانەکەی ئەو شەخسە مەبەستی قازانجی گشتی خەڵک بێت دەنا وەک تاک و قازانجێک بۆ تاک ناتوانێت ناوی قارەمانی لێ بنرێت. ئەو کردەوە کە قارەمان بە دژی دوژمنەکەی دەیکات حەماسەیە . ئەگەر دایکێک ڕۆڵەکانی بە سەر پەتی سێدارەوە ببینێت و چۆکی نەلەرزێ و خەنە بگرێتە دەست و پێیان، بەم کردەوە دوژمن و داگیرکەری خاکەکەی و قاتڵی قارەمانەکانی میللەتەکەی سەرشۆڕ کردبێت، خۆیشی دەچێتە ڕیزی قارەمانانەوە و کردەوەکەیشی حەماسەیێکە کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژوودا دەمێنێتەوە . ئێمەی کورد نابێ پێمان وابێ ئەرزشە مەعنەوی و ئینسانییەکانی ئێمە و دوژمنەکەمان وەک یەکن، چونکە دوژمنی داگیرکەر هەمیشە لە هەوڵی کەمڕەنگ کردن و سڕینەوەی ئەرزشە نەتەوەییەکانی ئێمەیە و بەتایبەت لە ناو ئەرزشەکاندا هەوڵ دەدات ئەو ئەرزشانە زیاتر بسڕێتەوە کە مرۆڤێکی کورد لە ساتەوەختی "ترس و لەرز" دا بە سەر ترسی دەروونیدا زاڵ بووەو بە کردەوەیێکی بوێرانە جێگای خۆی لە لاپەڕەی مێژووی قارەمانی نەتەوەکەماندا کردوەتەوە . ئەو مرۆڤانە سەمبول و ئۆستوورەی مان و مەوجودیەتی نەتەوەی ئێمەن و پارێزگاری کردن لە ناو و یادیان ئەرکی هەموو تاکێکی کوردە .

ئەو ئینسانانە جەوهەرەی ژیان و کۆڵنەدان و خەبات بە دژی زاڵم و داگیرکەران بە میرات لە ڕێگای خوێنەوە و زۆربەی جاران بە شێوەی ( اکتسابی ) دەسخستنی ژینگەییەوە دەگوازنەوە بۆ نەسڵی پاش خۆیان . زۆر بوون ئەو پێشمەرگانەی کە بە کەمترین ئیمکاناتی کاتی خۆیان لە ساڵانی ١٣٦٠ هەتا ١٣٧٠ بەرەنگاریان لە خاک و شەرافەتی میللەتەکەیان کرد . بەداخەوە زۆریان شەهید بوون و گەلێکیشیان بەخۆشیەوە ئێستاش ماون و چاوگەی بوێری و نیشتمان خۆشەویستین و وانەی بەرەنگاری کردن لە کوردستان دەڵێنەوە. ئەگەر بمانهەوێت بچینە ناو دانە بە دانەی ئەو حەماسانەوە کە لە کوردستان بە دژی دوژمنی داگیرکەر ڕووی داوە لەوانەیە لە ئێستادا ئەوە نەکرێت چونکە لە کوردستانی ئێمەدا شوێنێک نییە کە قارەمانی و گیانبازییێکی تێدا نەکرابێت و حەماسەیێکی تێدا نەخوڵقابێت . لێرەدا نەسڵی نوێ و بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگا لە دیتنی کردەیی ئەو شتانە بێبەش کرابوو. نەسڵێک کە بە هۆی کەم دەنگی خەبات لە ماوەی نیزیک بە بیست ساڵدا تاڕادەیەکی زۆر نامۆی ئەو هزر و بیرانە بوو و تەنیا ئەو شتانەی لە مێژوودا خوێندبووەوە یان بیستبووی، کەچی لە مەیدانی کردەوەدا مەگەر بە دەگمەن، دەنا شتی وەهای نەدیبوو. نەزمی نوێی جیهانی و خوێندنەوە ڕۆمانتیکەکان لە ژیان و مرۆڤ و هاتنە ئارای ژیانێک کە تێکنۆلۆژی تێیدا دەورێکی بەرچاوی دەگێڕا بەو شێوە لاوی تازە پێگەیشتووی کوردی لە ئەرزشە نەتەوەییەکان دور نەخستبووە وە کە کەمدەنگی خەبات لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا کردبووی .

لە فیکری وەرگیراوی دەرەوەدا بۆ ناوخۆی کوردستانیش بەداخەوە هەندێ بۆچوونی سەردەمیانە و پڕ لە ئیسم ئیسم دەرخواردی فیکری کۆمەڵگای کوردستانی دران کە ئێستاشی لە گەڵ بێت مرۆڤی کورد نەیتوانی لە گەڵ ئەو فکریەتە مەسنوعی و هاوردەکراوانەدا کە بەردەوام لە ڕێگای میدیاکانەوە بڵاو دەکرایەوە خۆی بگونجێنێت. ئایا ئەمانە ڕوونترین نیشانەکانی نەتەوەیێک نین کە خاوەنی پرەنسیپ و پێوەرەکانی تایبەت بە خۆیەتی بۆ ژیان و خەباتی خۆی ؟ میللەتێک کە سەهل و ئاسان لە نێوان چەمکەکانی جیهانی و داگیرکەراندا ئاسمیلە نەبێت و بەردەوام ڕێڕەوی ژیان و خەباتی خۆی ببێت میللەتێکی زیندووە و مەحاڵە خێرا ملکەچی فەرهەنگی بێگانە ببێت. هێگلی لاو دەڵێت: ڕۆحی مرۆڤ لە سێ قۆناغدا بەرەو لوتکە دەکشێت، یەکەم ناسینی خۆیەتی؛ دووهەم لە دەوڵەتێکدایە؛ سێهەم لە فەلسەفە یان دینێکدایە ...داخۆ مرۆڤی کوردی بێ دەوڵەت چۆن خۆی لە ناو ئەم پولێنبەندییەدا جێگا بکاتەوە؟ مرۆڤێک کە لانیکەم خۆی دەناسێت بەڵام هێشتا ڕێگایەکی دژواری لە بەردەمدایە هەتا خۆی لە دەوڵەتێکی کوردیدا ببینێتەوە ... لێرەدا خواستێکی شەرافەتمەندانە بۆ مان و ژیانێکی سەربەرزانە دەکەوێتە پێش خواستی هێزەوە، یان لانیکەم چونکە مرۆڤی قارەمانی کورد شەڕی مان و نەمان دەکات، شەرەف دەکەوێتە پێش هێزەوە. هێزێک کە شەرافەتمەندانە و لە ڕووی ئەخلاقەوە بە دەست نەیێت ناتوانێت دەوامی زۆر بێت ئەوەش بەو دەلیلەیە کە شۆڕشگێڕ و قارەمانی میللەتی کورد هەموو ئەو ئەرزشانە لە کۆمەڵگای خۆی وەردەگرێت و ئەگەر نەتوانێت ئەو ئەسڵانە ڕەعایەت بکات کۆمەڵگا پشتی لێدەکات و بۆ هەمیشە دەسمایەی ژیان و خەباتی لە دەست دەچێت .

شەرەف لێرەدا بە مانای ئەرکە، ئەرکێک کە مرۆڤی دەروەست و نیشتمانپەروەر و ئینساندۆست بە شێوەی دەروونی لە سەر خۆی فەرز دەکات. نەک وەک ئەمر یان لە بەرانبەر شتێکدا کەسێک یان لایەنێک بەسەریدا بیسەپێنێت یان داوای لێبکات. شەرەف جووڵەیەکی دەروونی مرۆڤە کە ئینسان هان دەدات بۆ کارێک بە قازانجی گشتی و هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسی تێدا نییە. ئایا نەسڵی نوێ چەندە ئەو مرۆڤە قارەمان و شەرافەتمەندانەیان لە نیزیکەوە دیتووە کە حەماسە دەخوڵقێنن ؟ گیانبازی دەکەن و گیانی ئازیزیان بۆ ئینسانەکان و ژیانی سەربەرزانە دەبەخشن؟ بێ گومان وڵامی ئەم پرسیارانە بۆ کەسانێک کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین ڕوون و ئاشکرایە . ڕاسان تەنیا یەک چەمک یان وشەیەکی ئاسایی نەبوو و ناشبێت. ڕاسان بزوێنەری ئەخلاقێکی ڕاستگۆیانە و شەرافەتمەندانەیە و بۆ خۆیشی لە هەمان هزرەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕاسان نەسڵی نوێی بە شێوەیەکی شەرافەتمەندانە بەرانبەر دوژمنان ڕاپەڕاند. ئەو نەسڵە قارەمانانی کۆنی نەتەوەکەی خۆیان لەم ڕێگاوە ناسی و خۆیشیان ئێستا بوونەتە قارەمانی میللەتی خۆیان .

ڕاسان زۆر پێش لە سەرهەڵدانەکانی ناوخۆی ئێران ڕاگەیێندرا و لە مەیدانی کردەوەدا قوربانی بۆ بیرە مەزنەکەی خۆی دا. ڕاسان زۆر پێش لە دەوڵەتی نوێی ئەمریکا و گەمارۆ نوێکان هاتە ژینگەی ڕۆژهەڵاتەوە و ماهییەتی خۆی و جەوهەرەی وجودی خۆی بە هیچ ئەمما و ئەگەرێکی ئێحتماڵی و دەرەوەی بازنەی خۆی نەبەستەوە. ڕاسان بڕیاری مەزنی نەتەوە و شۆڕشێک بوو کە نەیدەویست لە هیچ حاڵێکدا ئەرزشە مرۆڤییەکان و خەباتی ڕۆژهەڵات بخرێنە پەراوێزەوە. ڕاسان نەیهێڵا مرۆڤی خەباتکاری کورد لە ئەرزشە ڕەسەنەکانی خۆی دوور بکەوێتەوە و لە هەمووی گرینگتریش ئەوە بوو کە نەسڵی نوێی لە فۆرمی جۆراوجۆر و یەک گوتار و یەک خواستدا تێکەڵ بەو ڕێبازە پڕ لە شانازی و سەروەرییە کرد . ئیدی ئێستا نەسڵی نوێ نەتەنیا بینەر و سەیرکەرێکی ئاسایی شۆڕش نییە بەڵکوو خۆی بەشێکە لەو شۆڕشە. ئەو نەسڵە کە چاوی دەگێڕا لە قسە و مێژوودا قارەمانەکان و سەرگوزشتەکانیان ببینێتەوە ئێستا خۆی قارەمانی مەیدانی میللەتی خۆیەتی .

کاتێک کە بەشێکی زۆر لە قارەمانانی میللەتەکەمان لە حەماسەکانی قەرەسەقەل و کۆساڵاندا شەهید بوون ڕاسان نەترسا و چۆکی نەلەرزی و مەیدانی خەباتی بەجێ نەهێشت. ئێستاش کە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ڕاسان لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر جێگای خۆی دەکاتەوە و جیلی نوێ زیاتر بەرەو ئامێزی دێن، ڕاسان لەخۆبایی نابێت و وەجدی ناسالم نایگرێت، ئەمە حەددی نێونجی خەباتێکی بەردەوامە کە تا لووتکەی ڕزگاری هەڵدەکشێت. خەباتێک کە چەندین نەسڵ لە سەر یەک ڕێباز کۆدەکاتەوە و هەموویان لە زانست و بوێری وەدەست هێنانی ژینگەیی دەکاتە شەریک. شەراکەت و هەرەوەزییێک لە کار و ئەرکێکی پڕ لە ئەخلاق و شەرەفی پێشمەرگانە کە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دێتە قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتەوە و بێگومان بە ئامانجیش دەگات .

تێبینی: ترس و لەرز ناوی کتێبی سورن کیرکگاردە و هەر عەمدەن ئەوەم وا نووسیوە چونکە ڕەبتی تەواوی بە وتارەکەوە هەیە.

# ئیزە لە نێو زەریایەک لە ئاوی خواردنەوە، گیان دەدات

شارام میرزایی



نیشتمانی ئێمەی زاگرۆسنشینان، یەکەمین شوێن بووە کە دوای تەواوبوونی چاخی سەهۆڵبەندان مرۆڤەکان تێیدا نیشتەجێ بوون و توانیان قۆناغێکی نوێ لە ژیان دەست پێ بکەن. خاکێک کە نەتەنیا یەکەمین سەقامگیریی مرۆڤەکانی لە مێژووی خۆیدا تۆمار کردووە، بەڵکوو شایەتی بونیاتنانی یەکەمین گوندەکان و شارەکانی دنیاش بووە، کە لە ڕاستیدا دەکرێت بوترێت کە بناغەی پێکهاتەی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی دنیای ئەمڕۆمان لەو شوێنەی داڕێژراوە، کە کوردستانی پێ دگوترێت.
زاگرۆس کە بە درێژایی مێژوو ناوگەلێکی جیاوازی وەک میدیا و جەبەلولزاگرۆسەوە بگرە هەتا کوردستانی ئەمڕۆی لەسەر دانراوە، شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤگەلێک بووە کە ئەوینداری نیشتمانیان بوون، کە ئەم ئەوینە لەسەر شێواز و جۆری کۆچەکانیشیان کاریگەریی هەبووە. خەڵکی ئەم دەڤەرانە هیچ کاتێک شوێنێکی دەرەوەی جوغرافیای کوردستانیان بۆ کۆچکردن هەڵنەبژاردووە و تەنیا لە بەرایی و درێژاییی زاگرۆس کۆچیان کردووە، مەگەر ئەوەی کە حکوومەتێکی داگیرکەر بۆ سەپاندنی سەروەریی خۆی بە سەر دانیشتووانی زاگرۆسدا دەستی بە کۆچی بەناچاری بەشێکی بەرچاوی کوردەکان کردبێت. ناچارکردنی بەشێکی زۆری کوردەکان بە کۆچکردن بۆ باکووری خۆراسان، دوورخستنەوەی لوڕەکانی خوڕەماوا و پشکۆ و بەختیاری بۆ پارێزگاکانی باشوور و باکووری ئێران لەسەردەمی قاجاردا، تەنیا چەند نموونە لە سەدان کۆچی بەناچاری زاگرۆسنشینەکانن.
جیا لە هۆگربوون بە خاک و ئاسمانی زاگرۆس، ئەم نیشتمانەی باو و باپیرانمان، لە دایک بۆ ئێمەی کوردەکان دلۆڤانتر و بەخشەندەتر بووە. بەخشندەیی و گەورەییەک کە ئێمە لە تەواوی نیازمەندییەکان بێمەنەت بکات و ئەو هەلەی بۆ ئێمە ڕەخساندووە کە بەدوور لە دڵەڕاوکێیە ڕۆژانەکان، سەر لە هەبوون و نهێنیی ئافڕاندنەکانی ئەم سەرزەوییە دەربێنین.
زۆربوونی ئەم هەمووە نیعەمەتانە جگە لەوەی کە ئاسوودەیی و خۆشبژێویی ڕێژەیی و ئاوەدانی بۆ دانیشتووانی زاگرۆس هێناوە، بووەتە هۆی ئەوەش کە سەرنجی خەڵکانی دیکە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و نزیکەی لە ٥٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش هەتاکوو ئێستە زاگرۆسی کردە گۆڕەپانی ڕمبازێنی هەندێک هۆز و نەتەوە کە تەنیا ئامانجیان دزین و تاڵانکردنی کوردستان بووە، کە مێژووی داگیرکردنی زاگرۆس یەکێک لە بەرچاوترین بەشی مێژووی مرۆڤە.
بە درێژایی ئەم مێژووە خەڵکی کورد، لە سامان و داراییەکانی نیشتمانی خۆیان بێبەش بوون، وڵاتەکەیان کاول بووە و داهاتەکانیان بەرەو ناوەند بووەتەوە و لە کۆتاییدا خوێنڕشتن و ئاوارەیی پشکی خەڵکانێکە کە بناغەی شارستانییەتی جیهانیان داناوە، هەتا کەسانێک لە شکۆ و مەزنایەتییەک کە ئەم خەڵکە بە جیهانیان بەخشیوە، ئاگادار نەبن.
لەم پێوەندییەدا بەرپرسی گشتیی سەرچاوە سروشتی و ئاوییەکانی پارێزگای هەمەدان ڕایگەیاندووە: کە ٦٥هەزار هێکتار لە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم پارێزگایە بووەتە بیاوان، ئامارێک کە نارەزایەتی فراوانی چالاکان و کارناسانی ژینگەییی زاگرۆسی بە دژی سیاسەتە ئاوییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لێ کەوتەوە.
بەڵام ئیزە لەو ناوچانەی زاگرۆس بە ئەژمار دێت، کە تەنیا بە خوێندنەوەی ئامارەکانی بەردەست دەتوانرێت ئەوپەڕی سیاسەتە فاشیستانەکانی بەرپرسانی ئێرانی بەو بابەتە ببینرێت، ئیزە کە لە پاڵ ڕووباری کاروون هەڵکەوتووە، لە ماوەی دەیەکانی دواییدا شایەتی پرۆژەگەلێکی بەنداوسازی بووە، کە سێ بەنداوی گەورەی ناوچەکە دەکەونە دەوروبەری ئەم شوێنە، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێرانیش بە خەڵکانی دانیشتووی زاگرۆس بەتایبەتی خەڵکی ئیزە بەڵێنی ئاوەدانییان داوە. کاروون ٣، کاروون ٤ و بەنداوی عەباسپوور ئەو سێ بەنداوە گەورەی ناوچەکەن، کە گۆلێکی گەورەیان لە پشتی خۆیان دروست کردووە و شاری ئیزەیان کردووەتە دوورگەیەکی گەورە، شارێک کە کەوتووەتە کۆتاییەکانی باشووری زاگرۆسەوە و لە باری کەشوهەوا و سروشتەوە هەمیشە سەرسەوزییەکەی ببووە وێردی سەر زمانی خەڵکی.
بەڵام ئێستا بە تێپەڕینی چەند دەیەک بەسەر دروستکردنی ئەم بەنداوانە نەتەنیا ئیزە ئاوەدانتر و جوانتر نەبووە بەڵکوو بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەی خاوێن بووەتە کێشەیەکی ماڵوێرانکەر بۆ خەڵکی لوڕ تا جارێکی دیکە ڕوون بێتەوە، دەسەڵاتدارانی ئێران هیچ پرۆژە و گەڵاڵەیەکیان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەست پێ ناکەن.
بە وتەی یەکێک لە هاووڵاتییانی خەڵکی ئیزە، نەبوونی ئاو بووەتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتییان تەنیا ٦ کاتژمێر لە ماوەی شەو و ڕۆژدا ئاوی خواردنەوەیان هەبێت و لە هەندێک کاتیشدا ئەم ٦ کاتژمێرە دەبێتە ٢ کاتژمێر. ئەم هاووڵاتییە ئیزەییە لە درێژەدا وتی: "دەدز" لە نێوان دوو بەنداوی گەورەی کاروونی ٣ و کاروونی ٤ـە، شاری ئیزە لە نێوان سێ بەنداوی کاروونی ٣، کاروونی ٤ و عەباسپوور هەڵکەوتووە، بەڵام خەڵکەکەی بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە تووشی کێشە بوون.
کارناسانی بواری ئاو، سیاسەتەکانی ئاوی کۆماری ئیسلامییان وەک هۆکاری سەرەکیی لەنێوبردنی سەرچاوە ئاوییە ژێرزەوییەکان و لە کۆتاییدا دروستکردنی شامات و پرتووکانی زۆربەی خاکی زاگرۆس دەزانن. کۆماری ئیسلامی بەبیانووی خزمەتی گشتیی بەسوود، دەستی بە دروستکردن و بونیاتنان یان جێبەجێکردنی پرۆژگەلێک کردووە، کە لە بنچینەدا ئامانجی لەنێوبردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیانی زاگرۆس و ئاو و خاک جێبەجێ دەبن، یا ئەوەی کە بەهۆی چاودێریی نەکردن و کۆنترۆڵ نەکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ سروشت هۆکارەکانی لەنێوبردنی سروشتی فراوان کردووە، هەتا خودی خۆیان ئەرکی لەنێوبردنی زێدەکەیان جێبەجێ بکەن. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا کاتێک بارودۆخەکە بە بارودۆخێکی قەیرانی و شیاوی چاک نەکردنەوە گەیشت، کاربەدەستانی ڕێژیم لەژێر ناوی پارێزگاریی لە سروشت دێنە ناوچەکە و فرمێسکی تیمساحی هەڵدەڕێژن.
بەنداوە ئاماژە پێکراوەکان نە تەنیا بوونەتە هۆی دروستبوونی قەیرانی ئاو لە باشووری زاگرۆسدا، بەڵکوو پەیکەری زاگرۆسیش بە شێوەیەکی بەرچاو زیانی بەرکەوتووە و بەشێکی زۆری دارستانەکانی بەڕوو و ژینگەی ئاژەڵانیش لە ژێر گۆلە دروستکراوەکاندا نوقم بوون، یان بە هۆی کارە پیشەسازییەکانەوە بە تەواوی لەنێو چوون.
بەنداوەکان هەمیشە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی کارەبایە، بەڵام هەستی ڕق و قینی ناوەندگەراکانی ئێرانی بەرانبەر کوردستان و زاگرۆس بە شێوەیەکە کە تەنانەت کوردەکان لە کارەبای بەرهەمی ئەم بەنداوانە بێبەش کراون، لە هەمان ڕاستادا ئەحمەد مەنسووری، بەرپرسی ئیدارەی کارەبای شاری ئیزە، وتوویەتی: لەگەڵ بەدواداچوونە بەردەوامەکان و ڕاپۆرتەکان لە بارەی کۆنبوونی کەرەستە کارەباییەکان لە شاری ئیزەدا و هەروەها پێویستی زۆری ئەم شارە بە فراوانبوون و زیادکردنی کارەبا، ئەم داواکارییانە لە لایەن کارەبای پارێزگاوە نادیدە گیراوە.
گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی زاگرۆس بۆ پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران لەوانەش ئیسفەهان، کرمان، یەزد، تاران، قوم و سمنان لە کۆمەڵە بەرنامە و سیاسەتە کۆن و لەمێژینەکانی حکوومەتە ئێرانییەکان بەرانبەر بە کوردستان و ئێران بووە و هەیە، سیاسەتێک کە هەتا لەنێوچوونی سەرەڕۆیی زاڵ و دروستکردنی حکوومەتێک کە تێیدا چارەنووسی زاگرۆس بە دەستی خودی دانیشتووانی زاگرۆسەوە دیاری بکرێت درێژەی دەبێت.

## زیاتر لە یەک میلیۆن هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس لەنێو چووە



دارستانەکانی زاگرۆس لە قەیراندان و دەرفەتێک نەماوە بۆ چارەسەریی قەیران و لەنێوچوونی دارستانەکان.
بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییە نێوخۆییەکانی ڕێژیم، بەرپرسی ئەنجومەنی جەنگەڵبانیی ئێران ڕایگەیاندووە، کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە یەک میلیۆن هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس لەنێو چووە و باسی لەوە کردووە، کە ئیتر بۆ پاراستنی دارستانەکان دەرفەتێک نەماوە.
هادی کیادەلیری، بەرپرسی ئەنجومەنی جەنگەڵبانیی ڕێژیم، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە سێمینارێک کە لەسەر لێکۆڵینەوە و گەشەی دارستانەکانی ئێران بە بەشداریی پارێزگاکانی ورمێ، تاران، گیلان، لوڕستان و ئیلام بەڕێوە چووە، ئاماژەی بە قەیرانی لەنێوچوونی دارستانەکانی ئێران کردووە.
ئەو بەرپرسەی ڕێژیم لەو دانیشتنەدا، باسی لە کەمتەرخەمییەکانی ئەنجومەنی جەنگەڵبانی و وەزارەتی کشاوەرزی کردووە، بەڵام ئاماژەی بە هۆکاری لەنێوچوونی دارستانەکان نەکردووە و تەنیا وتوویەتی: کە قەیرانی وشکبوونی دارستانەکان لە ئاستێکدایە کە ڕێگاچارەیەک نەماوە.
بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران و پرۆژە ناکارناسییەکانیان، هۆکاری سەرەکیی لەنێوچوونی دارستانەکانی زاگرۆسن و لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان بەشێک لە سیاسەتە دژە مرۆڤانەکانی ئەو ڕێژیمەیە.
وشکەساڵی، سووتاندن، بڵاوبوونەوەی گەردیلە و تەپوتۆز، سازکردنی ڕێگاوبان لە شوێنی دارستانەکان، بڕینی لەڕادەبەدەری دارەکان بۆ کارخانەکان، وشککردنی سەرچاوە ئاوییەکان و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی دیکە و زۆر کردەوەی دیکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی لەنێوچوونی دارستانەکانی زاگرۆسن، کە یان ڕێژیم ڕاستەوخۆ دەستی تێیاندا هەیە، یان لە بەرامبەریان کەمتەرخەمە.

## لەنیوبردنی ئاسەوارێکی مێژوویی لە شاری کورد بە بیانووی لێدانی کارێز



شیرکەتێکی خزمەتگوزاریی وەزێڕی، لە پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری بۆ لێدانی کارێز، ئاسەوارێکی هەزارساڵەیان لەنێو بردووە.
بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکانی نێوخۆی ڕێژیم، شیرکەتی هەرەوەرزیی بەرهەمهێنانی "گوڵدەڕە"، کە سەر بە وزارەتی تەعاوەنی ڕێژیمە و خزمەتگوزاری وەزێڕی پێشکەش دەکات، بۆ لێدانی کارێزی ئاو لە "فەڕوخشار" لە نزیکیی شاریکورد، لە پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری، دەستی داوەتە لەنێوبردنی ئاسەواری مێژوویی "ڕۆبات" کە هەزار ساڵ تەمەنی ئەو ئاسەوارەیە.
بە وتەی خەڵکی ناوچەکە، شیرکەتی گوڵدەڕە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی سنوور و ڕووبەری ئاسەواری مێژوویی ڕۆبات و ئاگادارکردنی ئیدارەی میراتی کولتووری و دەزگا پەیوەندیدارەکان، دەستی داوەتە ڕووخان و هەڵکەندن لەو ناوچەیە و خەسارێکی زۆری بەو ئاسەوارە مێژووییە گەیاندووە.
لە لایەکی دیکەشەوە، بەهمەن عەسکەری، بەرپرسی گشتیی ئیدارەی میراتی کولتووری، پیشە دەستییەکان و گەشت و گەڕان، ڕایگەیاندووە: کە لە کاتی ئاگادارکرانی ئەو ئیدارەیە لەسەر تێکدانی ئەو ئاسەوارە، پێش بەو شیرکەتە گیراوە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە باس لەوە دەکەن، کە بەشێکی زۆری ئەو ئاسەوارە لەنێو چووە.
ڕووبەری مێژوویی ڕۆبات، لە ئاسەوارێکی زۆری سەردەمی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام پێک هاتووە و هەروەها کەرەستەیەکی بەردینەیی زۆر لە سەردەمی پێش مێژووی تێدایە.
جێگەی ئاماژەیە کە ئەو شیرکەتە بۆ هەڵکەندنی کارێز دەستی داوە بە ڕووخانی ئەو ئاسەوارە و قەیرانی ئاو لە ئێران وای کردووە، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاسەوارەکان و مێژووی ناوچەکان، ڕێژیم دەستی داوەتە هەڵکەندنی بیر و کارێزی ئاو.
لە لایەکی دیکەشەوە، بەرپرسانی ڕێژیم و دەزگا پەیوەندیدار بە ئاسەوارە مێژووییەکان، لە پاراستنی ئاسەوارەکان کەمتەرخەمن و ئاسەوارەکانی پێش ئیسلام لە ئێراندا بەئەنقەست لەنێو دەبەن.

# دیکتاتۆری دیوارێکی کورت!!

## "دیکتاتۆری مەحکووم بە نەمانە"

شەهید دوکتور قاسملوو


دیکتاتوری مەحکووم بە نەمانە:
سەرکەوتن بەسەر فاشیزم دا زۆر دەرسی بە نرخی تێدان یەکەم: ئەوەی کە دیکتاتورییەکان هەرچەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لەبەرامبەر راوەستانی گەلان دا هێزی خۆراگرتنیان نیە و دەرووخێن، دووهەم: شەرخوازی بە مەبەستی لەژێر چۆک خستنی گەلان یا سادر کردنی رێژیمێکی دیاری کراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست ولەنێوچوونی بەدواوە نیە .

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

نامانهەوێ لێرەدا باس و شرۆڤەی وشەی دیکتاتۆر بکەین، یان سیاست و دیکتاتۆری یان دیکتاتۆر و کەسایەتی یان خودی وشەی دیکتاتۆر شی بکەینەوە. چونکە لە دنیای ئێمەدا و لە ژیانی مرۆڤەکاندا زۆر باس و بابەت هەیە کە پێویست ناکات پێناسە یان شرۆڤەی بکەینەوە، چونکە بە ناوهێنان یان باسکردنی جۆری شتەکە ماناکەی وەردەگرین. بە واتایەکی دیکە ئەو باس و بابەتانە وەک خوردە پوولێک کە ئەوەندە لەناو دەستدا بووە سواوە، ئەو باس و بابەتانەش ماناکەیان بۆ ئێمە بەم چەشنەیە؛ وشەی دیکتاتۆریش ڕێک هەمان شتە، وشەیەک کاتێک هێناتە سەر زمان ماناکەی وەردەگری.

وشەی دیکتاتۆری لە چەمکی سیاسیدا و بەپێی پێناسەیەک کە بۆی کراوە دەڵێت: "دیکتاتۆری بە ڕێژیمێک دەگوترێ کە سەرجەمی دەسەڵات لەبەر دەستی کەسێک یان گرووپێکدایە و حوکمڕانی دەکات".

جا لێرەدا نە ئێمە باسی جۆرەکانی دیکتاتۆرییەت دەکەین نە مەبەستیشمان ئەوەیە، هەروەها ناچینە ناو مێژوو و وەردی دەینەوە، بەڵکوو تەنیا باسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کە "دیکتاتۆریی مەزهەبی" سێبەری بە سەر جوغرافیای ئێران و خەڵکەکەیدا کێشاوە و ماوی ٤ دەیەیە لەسەر کارە؟! بۆ هەتا ئێستا لەسەر کارە و ماوە؟ ئەوە خۆی هەوێرێکە ئاوێ زۆر هەڵدەگرێت.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر عەرز دەزانێت و لەژێر ناوی "ولایت فقیه"دا پێناسەی بۆ خۆی کردووە و دەڵێت: "خەڵک، میللەت، نژاد، تایفە، ژن، پیاو، خاک و هەتا دوایی بۆ من مانای تایبەتی نییە و هەموو بۆ من لە "امت"دا خولاسە دەبێتەوە".

هەندێک تایبەتمەندیی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئەمانەیە:

- نەبوونی هیچ یاسا و ڕێسایەکی مەدەنیانە و دەستنیشاندەی خەڵک
- بەدەستهێنانی دەسەڵات بە هەر شێوازێک
- پێشێلکردنی هەموو یاسایەک کە خودی ئەو دەسەڵاتە خۆی دیاری دەکات
- گوێڕایەڵیی بێ ئەملاوئەولای خەڵک بۆ دەسەڵات
- بوونی دەسەڵات لە دەستی تاکێکدا
- بەکارهێنانی تێرۆر وەک چەسپاندنی دەسەڵات و بەدەستەوگرتنی جڵەوی هێز

دیکتاتۆرییەت چەندین تایبەتمەندیی دیکەشی هەیە کە ئێمە لێرەدا تەنیا چەند دانەمان نووسی.

جا با بێینە سەر ئەسڵی باسەکە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە...

لێرەشدا نامانهەوێت بچینەوە ناو مێژووی دەسەڵات و چۆنیەتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئەو حوکمڕانییە دواکەوتوویەی ئێستا کە ژیانی خەڵکی کردووەتە بەرزەخێکی ڕاستەقینە.

لە هەر تاک، کەس، لایەن، گرووپ و بەتایبەت خەڵکی نێوخۆی ئێران بپرسی کە چەندە لەو دەسەڵاتە ڕازییە؟ بێگومان جیا لە دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران سەرجەمیان دەنگی نەرێنی بەو پرسیارە دەدەنەوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەدی بۆ ئەو دەسەڵاتە هەر ماوە و تەمەنی خۆی تێپەڕ دەکات؟ قسەیەک هەیە دەڵێت: "ئەگەر تۆ دەست و بازووی هێزێک نەبی، دەسەڵاتەکەش هێزی نابێت، ئەگەر تۆ هێزی مەعنەوی هێزێک نەبی هێزەکەش پووچ دەبێت". لە جوغرافیای ئێراندا بە هەموو نەتەوەکانییەوە زۆرینەی خەڵک لە دەسەڵات ناڕازییە، بەڵام نەست (ناخودآگاه) دەست و بازووی دیکتاتۆرێکن کە ڕۆژانە بە سەر هەموو شتێکی خەڵکدا حوکمڕانی دەکات؟!

لای هەندێک فیلسووف خەڵک بۆ حوکمڕانی و بەشداری لە دەسەڵاتێکی سیاسی بە سێ دەستە دابەشکراون، دەستە ئاسن، دەستەی زیو و دەستەی زێڕ.

بەپێی ئەو دەستەبەندییە زۆرینەی خەڵکی یەک کۆمەڵگە دەستەی ئاسنن، دەستەی ئاسن کەسانی وەک (کرێکار، پەیمانکار، دارتاش، تەندیسکار، شۆفیرەکان، و سەرجەم ئەو کەسانەی کاری سەخت و فیزیکی ئەنجام دەدەن لەخۆ دەگرێت). دەستەی زێو کەسانی وەک (مامۆستای قوتابخانە و زانکۆکان، مۆهەندیس، پلاندارێژەرکان و ئەو کەسانەی کاروباری پەروەردە و خزمەتگوزاری دەکەن لەخۆ دەگرێت)، دەستەی زێڕیش ئەو کەسانەن کە نوخبەی کۆمەڵگەی خۆیانن واتە دەتوانن خەڵکی خۆیان ڕێبەری بکەن و شایستەی ڕێبەری کردنن.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بژی، ئەو سێ دەستەیە بوونی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەوە دەستەی ئاسنە کە کاریگەرترین شوێندانەری لەسەر دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵاتدا هەیە. چونکە ئەو دەستەیە بە هۆی ڕێژەی "کمیت" هەمیشە توانیویەتی لە ڕووداوە مێژووییەکاندا ڕۆڵی گرینگ بگێڕێت. (نموونە شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران).

ئەگەر چاوێک بەسەر ئەندێشە و نوسراوەی زانایاندا بخشێنین یەک شتمان بۆ دەردەکەوێت: ئەویش ئەوەیە شەڕی "کیفیت و کمیت" لە کۆمەڵگەدا؛ "کیفیت" دەستەی زێڕ لەخۆوە دەگرێت کە کەسانێکی نوخبە، زانا، ئاگاه و موسلیحی کۆمەڵگەی خۆیانن و ئامانجیان بەختەوەری خەڵکە و هەر بۆیەش بە ڕەفتار و خەباتی خۆیان دەیانهەوێ شۆڕش (انقلاب) لە کۆمەڵگەی خۆیاندا بکەن، چارەنووسی ئەو کەسانە دوو شتە: یەکەم؛ یان شۆڕش دەکەن و خەڵک بە خاڵی مەبەستی خۆیان دەگەیەنن یان ئەوەیکە دەبنە قوربانی خەڵکی خۆیان و ڕێباز و ڕێگاکەیان دەبێتە چرای پێشەنگی هەتا بەختەوەری؛ (نموونە قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی).

هەروەها زانستەکانی وەک مێژوو، کۆمەڵناسی و فەلسەفە باس لەوە دەکەن کە دەستەی ئاسن لە کۆمەڵگەدا کە زیاترین ڕێژەی حەشمیەتی کۆمەڵگە پێک دێنن ئاستی "ئاگاهی، زانیاری و ڕوونبوونەوە"یان لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە پێویستە پێشەنگێک هەبێ ئەو خەڵکە وەخۆ بێنێتەوە هەتا دژی زوڵم و ستەمێک کە لە کۆمەڵگەدا هەیە ڕاپەڕێت؛ واتە ئەو دەستەیە توانایی و هێزی ئەوەی هەیە شۆڕش تێکەڵ بە شۆڕشی بکەی و دەسەڵاتێک دابمەزرێندرێت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەستەیە وەخۆ بێنینیەوە ڕێگایەکی دژاورمان لەبەردایە چونکە ئەو کەسانە لە ڕاستیدا بەهایەکی زۆر بۆ بیر و هزرەکان دانانێن، ئەوەش نەک لە ڕووی نەزانین و نەویستن بێت، بەڵکوو هەر وەک گوتمان لە ڕووی نائاگاهییەوە کە ئەگەر بکرێت ئاگاه بێتەوە بێگومان "موتور محرکە"ی کۆمەڵگەیە، هەر ئەو باسەی کە دوکتور قاسملوو لە کتێبی "٤٠ ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی"دا باسی دەکات.

لە کۆمەڵگایەکی دیکتاتۆرلێدراوەدا ڕێک کێشەکە ئەوەیە هەر چەندی نوخبە بێتە دی و بپشکوێت دەبێتە قوربانی خەڵکی خۆی. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کۆمەڵگەی دیکتاتۆرلێدراوەدا کاتێک نوخبە و ڕێبەرەکان باس لە بەختەوەری دەکەن، کاتێک باس لە ئازادی دەکەن، باسی ژیانێکی دیکە و مانادار دەکەن و خەڵک بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرانە هان دەدەن؛ ئەوە خەڵک بە بزەیەکی تاڵ و سەرڕاوەشاندێکی سادە ڕووی خۆیان لە ڕاستی وەردەگێڕن. سیستمی دیکتاتۆری لە ماوەیەکدا کە توانی ڕیشەی خۆی دابکوتێت یەکدابەدوو دەست بە سەرکوت دەکات و ئیدئۆلۆژیی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە خەڵکینە منم ڕزگاریدەری ئێوە!! لەو ماوەیەدا خەڵکی کۆمەڵگە مێشکی ئەسیری دیکتاتۆرییەت دەبێت کە بەڵێ دەسەڵات ڕاست دەکات، کاتێک مێشک ئەسیر بوو بێگومان هێزی جەستەش دەکەوێتە خزمەت دەسەڵاتەوە، کە لەوەها حاڵەتێکدا ڕۆڵی شۆڕشگێڕان و وەخۆهێنانەوەی خەڵک تێچوو و قوربانی زۆری دەوێت.

لە سیستمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کە ماوی ٤ دەیەیە لە دەسەڵاتدایە، جیا لەوەیکە سەرکوت، کوشتن و برین، تۆقاندن، تێرۆرو جینایەت بەشێکە لە شوناسی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە و گرووپەی کە دەسەڵاتیان لە دەستیدایە، تەزریقی بیرۆکەی شیعەگەری ویلایەتی فەقیهی بەشێکی کۆمەڵگەی ئەسیری وادە و بەڵێنییەکانی خۆی کردووە کە ڕزگاریدەری ڕاستەقینە ئێمەین و بیری ئازادی، بەختەوەری، ژیانی خۆش، ئاشتی و تەبایی، شادی و خۆشحاڵی دیاردەی کافرەکانە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە خۆی مەحکووم بە نەمان کردووە بەڵام هەر وەک بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە دەڵێن وادەی ئێمە بۆ هاتنەدی "مهدی موعود" کاتی ماوە بۆیە دەبێ ئێمە لە دەسەڵاتدا بین و ئێوەش فەرمانبەر؛ ئەو ئیدیعایەی ڕێژیم لە لایەن هەندێک خەڵک و لایەنگرانی ڕێژیمەوە قبووڵ کراوە. چونکە دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە دەزانن کە کاتیان بەسەر چووە بەڵام هێزێکی دەوێ ئەو دیکتاتۆرییە بسڕێتەوە. هەر وەک ئەحمەد خاتمی پێشنوێژی هەینی تاران باسی لەوە کرد: "ئێمە ئەگەر بشڕۆین وێرانەیەک لە خۆمان بەجێدێڵین". مۆرێکی تەئید بۆ ئەوەی دەزانن دیکتاتۆری مەحکووم بە نەمانە.

ئاخوندەکان پایە و بناغەی دەسەڵاتی خۆیان لەسەر ئەساسی هەڵخڕاندنی مەزهەبی بۆ بەرەوپێشبردنی سوود و بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن و بەو بیانوویەش سەرجەم جیابیران و دژبەرانی دەسەڵاتی خۆیان لە سەحنەی سیاسەتدا حەزف کرد و ئێستاش گەرم و گوڕتر لە جاران ڕێڕەوی کوشتن و بڕین لە قاڵبی تێرۆردا پێڕەو دەکەن.

دیکتاتۆرییەتی مەزهەبیی ڕێژیمی ئێران بەردەوام ڕێکاری جۆراوجۆری بۆ درۆ و هەڵفریواندنی خەڵک گرتووەتە بەر و لە هیچ کارێکیش بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی دەس ناپارێزێت، چونکە ئەخلاق و ڕەوشت لای بەرپرسانی ڕێژیم هیچ مانایەکی نییە.

ماوەی ٤ دەیە دەسەڵاتداریی دیکتاتۆریی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وای کردووە کە ژیان و چارەنووسی چەند نەوە لە خەڵکی ئێران بەفیڕۆ بچێت، زەرەر و زیانی قەرەبوونەکراو لە وڵات بدرێت. سەرچاوەی ئینسانیی وڵات بە بێکاری، مادده سڕکەرەکان، کۆچبەریی ئیجباری، هەڵاتنی مێشکەکان و هەتا دوایی بە خۆڕایی بچێت.

لەو ماوەیەدا بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە نەگەیشتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە لە ماوەی ئەو دەسەڵاتەدا تەنیا نەهامەتی و بەدبەختیان بۆ وڵات و خەڵک بە دیاری هێناوە؛ بەو عەقڵیەتە نەگەیشتوونە کە دەبێ پێداچوونە بە خۆیاندا بکەن و دان بە هەڵەکانی خۆیان دابنێن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زاتی دیکتاتۆری ئیجازە نادات بیر لە چارەنووسی خۆت بکەیەوە و تەنیا کاتێک باوەڕمەند بە هەڵەکانیان دەبن کە دەسەڵاتیان لە بەرەبەری ڕووخاندایە، دروست ئەو کاتەی ئێستا کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران هەستیان بە ڕووخانی حوکمڕانییەکەیان کردووە.

کورسی دەسەڵات و بڕیاری ڕێژیمی ئێران وەک "عاملیت انسانی" کە تەنیا لە دەستی کەسێکدایە و کەسێک بڕیاری سیاسی دەدات و ڕۆڵی هیدایەتگەر و ڕێبازی وڵاتی لە دەستدایە سەرئەنجامەکەی ڕووخانە.

ئەو ڕێژیمە بۆ درێژەدان بە دیکتاتۆریی خۆی بەردەوام باس لە "ارزشهای انقلابی"، "آرمانهای والای انقلاب" و "بازگشت به تفکرات امام خمینی" دەکات، ئەو سێ ئەرزشە کە تەمەنی چەند نەوەی ئێرانیان بە فیڕۆ داوە، ئێستاش بەردەوام دەیڵێنەوە چونکە ئەو سێ شتە خۆراکی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بووە.

سێ ئەرزش کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران باسی لێوە دەکەن لە چەند بابەتدا خۆی دەبینێتەوە کوشتن و شەڕ هەڵایساندن، جەنایەت و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەدا و بیری خومەینی کە بیری تێرۆر و خوێنە.

ئەگەر وەکوو کەسێکی ئاگاه بیر بکەینەوە و کڵاوی خۆمان بکەینە قازی و ڕووداوەکانی ئێستای نێوخۆی ئێران لێک بدەینەوە هەموو ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژیمی ئێران بە ناوەرۆکی دیکتاتۆریی خۆی بەرەو نەمان دەچێت، ئەوەش باوەڕی بۆ کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە سەختە، چونکە ئێستا زۆرینەی کۆمەڵگە وەخۆ هاتوونەتەوە و دەزانن هەر کارێکی ڕێژیم ئەنجامی بدات تەنیا نوسخەیەکە بۆ درێژکردنی تەمەنی دەسەڵاتی خۆی؛ بەڵام کێشەی سەرەکیی سەرجەم دیکتاتۆرەکان کە هەتا ئێستا بوونیان هەبووە و دواتر ڕۆیشتوون ئەوە بووە کەسێک دەسەڵاتی ئەسڵی لە دەست دابووە کە سەلاحیەتی هیچ بەرپرسیارەتییەکی نییە و دەرک و فام لە وجوودیدا نییە و سەرئەنجامیشی ڕووخان بووە.

بۆیە دوکتور قاسملووی نەمر دەفەرمێت:

"دیکتاتۆری مەحکووم بە نەمانە. سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا زۆر دەرسی بە نرخی تێدان. یەکەم: ئەوەی کە دیکتاتۆرییەکان هەر چەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لەبەرامبەر ڕاوەستانی گەلاندا هێزی خۆڕاگرتنیان نییە و دەڕووخێن. دووهەم: شەڕخوازی بە مەبەستی لەژێر چۆک خستنی گەلان یان سادرکردنی ڕێژیمێکی دیاریکراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست و لەنێوچوونی بەدواوە نییە".

## گارنێت جێنسیس:

# ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەبێ ئەم ڕێژیمەی ئێران بوەستێندرێت نەک تەعامولی لەگەڵدا بکرێت



سەبارەت بە بڕیارنامەی پارلەمانی کانادا لە پێوەندی لەگەڵ بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران و دەرەنجام و کاریگەرییەکانی ئەم بڕیارە و هەروەها ڕوانگەی دەوڵەتی کانادا بە نیسبەت خەڵکی ژێرستەمی ئێران و ....، ڕۆژنامەی کوردستان چەند پرسیارێکی ئاراستەی گارنێت جێنسیس، ئەندام پەرلەمانی کانادا کردووە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

**ئامادەکاران:**

**کەژاڵ محەممەدی – سەلیم زەنجیری**

**پارلمانی فیدراڵی کانادا لە ماوەی ڕابردوودا بڕیارنامەیەکی پێوەندیدار بە ڕێژیمی ئێران و سپای تیرۆریستی پاسدارانی بە کۆی دەنگ پەسند کرد، هۆکاری پەسندکردنی ئەو بڕیارنامە یان مەوشنە چییە؟**

بڕیار و پێشنیاری ئەوەی کە سپای پاسداران بخرێتە ناو لیستی تێرۆرەوە، هەڵقوڵاوی سیاسەت و بڕوای حیزبی کۆنسەرڤاتیڤە. ئێمە لە کۆنسێرڤاتیڤ لە سەر ئەو بڕوایەین کە هەر هەوڵدانێك بۆ زیاتر کارکردن یان تەعامول لەگەڵ ڕێژیمە گەندەڵە دینییەکەی ئێران بێجگە لە بەلاڕێداچوون شتێکی تر نییە و لە جێگەی خۆیدا نییە.

ڕێژیمی ئێران لە ڕابردوودا نیشانی داوە کە هەڵگرتنی هەرجۆرە گەمارۆیەك لە سەر ئەو وڵاتە بۆ پەرەپێدانی تیرۆریزم و شەڕ لە ناوچەکە بە کار دەبات. حکومەتی ئێران، حکومەتێکی وێرانکەرە لە ناوچەکە و زۆرینەی نەتەوەکانی ناوچەکە هاودەنگن لە سەر دژایەتیی ئێران.

ئێمە لەگەڵ هاوبیر و هاوباوەڕەکانمانین لە ناوچەکە و لەگەڵ خەڵکی ئێرانین؛ ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەم ڕێژیمە دەبێ بوەستێندرێت نەك تەعامولی لەگەڵدا بکرێت.

**ئایا ئەو هەنگاوەی پارلمانی کانادا گۆڕینی تەواوی سیاسەتی دەوڵەتی کانادا لە هەمبەر ئێران دەگەیەنێ؟**

ئەم مەوشنەی ئێمە کە لە پەرلەماندا بە تێکڕای دەنگ پەسند کراوە، یاسایی نیە، هەر بۆیە بەیاسایی کردنەکەی یان عەمەلی کردنی دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت. پرسیارەکە لێرە ئەوەیە کە ئایا حکومەت چی لەگەڵ ئەم بڕیارەی پەرلەمان ئەکات؟

ئەگەر سپای پاسدارن بخرێتە ناو لیستی تیرۆرەوە، کاریگەری بنچینەیی ئەبێت لەوەی کە ڕێژیم چیتر نەتوانێ بازرگانی لەگەڵ کەنەدا بکا. پێم خۆشە ئەوەش باس بکەم کە من ئێستا لەو باوەڕەدا نیم کە لیبراڵەکان ئەم بڕیارە کرداری یان عەمەلی بکەن وەك چۆن نوسراوە. بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە پێداگریمان و داواکانمان بۆ پراکتیک کردنی ئەم بڕیارەی پەرلەمان.

**هۆکاری ئەو بونبەستە لە پێوەندییەکانی کانادا و ئێران بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

بە ڕاشکاوانە پێت بڵێم، منیش سەرسام بووم لەوەی کە لیبراڵەکان دەنگیان بەو جورە دا کە ئێمە دەمانویست. ئەوان هەڵوێستی حکومەتیان تا نیوەی باسەکە لە پەرلەمان دا نیشان نەدا. ئەم جورە کارانەش نیشاندەری ئەوەیە کە لە حکومەت جورێك لە دابەش بوون و بیر و ڕای جیاواز لەسەر ئەم باسە هەیە. جاری وا هەیە کە تۆ بۆ ماوەیەك هەوڵ و تێکۆشان بۆ گۆڕینی شتێك دەدەیت، لە ناکاو ئەو شتەی کە تۆ هەوڵت بۆ داوە، دەبێتە ڕاستی. گرنگترین شت لە ئێستادا ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام بین بۆ ئەوەی کە ئەم بڕیارەی پەرلەمان لە لایەن حکومەتەوە بە کردەوەیی بکرێت و سپای پاسداران بخرێتە ناو لیستی تێرۆریستییەوە.

**بۆچی هەڵوێستی جاستین ترۆدۆ لە هەمبەر ئێران گۆڕاوە؟ ئایا پێوەندی بە گوشار و تەحریمەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران و کشانەوەی لە "بەرجام"ەوە هەیە یاخود ناسینی ماهیەت و چییەتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران؟**

من نازانم تا چەند ڕادەیەک باس و سیاسەتەکانی ئەمەریکا تەئسیری لە سەر سەرۆك وەزیرانمان هەبووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە سیاسەتی نێوخۆیی کەنەدا نەقشێکی ئەساسی گێراوە لەم کارەی حکومەت دا. بەڵام وەك پێشتریش باس کرا، ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین بەڕاستی گۆڕانکاری جیدی ڕوو دەدات یان نا.

**ئەو بڕیارنامەیە یان ئەو شێوە سیاسەتە کەی پراکتیکی دەکرێت یان ئەسلەن قابیل ئیجرایە؟ بە واتایەکی دیکە مادام کە سەرۆک وەزیران و حیزبەکەی دەنگیان بەو مەوشنە داوە، پێتان وایە کە جێبەجێ نەکرێت؟**

ئەم بڕیارەی پەرلەمان بڕیارێکی یاسایی نیە، هەر بۆیە بە ڕەسمی کردنی ئەم بڕیارە، دەکەوێتە دەست حکومەت بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە لە هەوڵەکانمان بۆ بەیاسایی کردن و عەمەلی کردنی ئەم بڕیارە دەستەوەستان ڕاناوەستین.

**ئەو بڕیارە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا دەتوانێ چ کاریگەرییەکی هەبێت و لەو پێوەندییەدا داواکاریتان چیە؟**

لە ئەگەری بە کردەوەیی کردنی ئەم بڕیارەی پەرلەمان، کەنەدا دەبێتە پێشەنگ لە گەمارۆ خستنە سەر ڕێژیمی ئێران. دەرەنجامی ئەم بڕیارە کاریگەری زۆری لە کورت کردنەوەی دەستی ڕێژیم لە کارە ئاژاوەگێڕی و تێرۆریستیەکانی دا دەبێت، هەڵبەت زۆر باشتر دەبێ ئەگەر وڵاتانی دیکەش پاڵپشتیی ئەو بڕیارەی کانادا بکەن و پەیوەست بن بەم هەنگاوە لە دژی سپای پاستاران.

هەڵگرتنی گەمارۆکان دەستی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی لە سوریە، یەمەن، ئێراق، لوبنان و تەنانەت لە ئێرانیش دا ئاواڵەتر کردووە. بەڵام گەمارۆی بەرفراوانتر و کاریگەرتر، دەستی ڕێژیم لە پاڵپشتی کردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی دا کورت ئەکاتەوە.

**سیاسەتی کانادا لە هەمبەر خەڵک و گەلانی ژێر ستەمی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد چۆنە و لەمەوبەدوا چۆن دەبێت؟**

ئێمە بە گشتی تا ئێستا هەڵوێستێکی دیاریکراومان نیە لە سەر ئەوەی کە حکومەتی داهاتووی ئێران، دەبێ چلۆن حکومەتێکی دیموکراتیك بێت. بەڵام ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە هەموو حکومەتەکان دەبێ پابەندی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافی کەمە نەتەوەییەکان لە وڵاتەکانی خۆیان بن.

ئەزموونی کەنەدا لەگەڵ فیدرالیزم نیشانی داوە کە لە وڵاتە فرە نەتەوەکاندا، فیدرالیزم دەتوانێ لە ئاستی گشتیی وڵاتدا وڵامدەر بێ. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێران کە زۆر لایەنی لە خۆی گرتووە، ئێمە هیواداریـن کە هاودەنگی و هاوئاهەنگی لە نێوان هەمووان بە یەکەوە بە مەبەستی گۆڕانکاری سیاسیی ئەرێنی لەو وڵاتە دا بەردەوام بێ.

## پەرویز ڕەحیم قادر:

# پاراستنی سەروەریی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە ئەرکەکانی حکوومەتی عێراق.



لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوچەی سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستانی عێراقی تۆپباران کرد، لەو تۆپباران کردنەدا ڕێژیمی ئێران لە تۆپی فۆسفۆری کەڵکی وەرگرت کە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و هەروەها خەسارێکی بەرچاوی بە ژینگەی ناوچەکانی سیدەکان و چۆمان گەیاند.

لەو پەیوەندییەدا ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا وتووێژێکی لەگەڵ "پەرویز ڕەحیم قادر" مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدینی شاری هەولێر ئەنجام داوە کە لێرەدا دەقاودەق دەخرێتە بەرچاوی خوینەرانی خۆشەویستی "کوردستان".

**لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا حکوومەتی ئێران لە کاتی تۆپباران کردنی خاکی هەرێمی کوردستان لە تۆپی فۆسفۆر کەڵکی وەرگرتووە؛ ئەمەش بە پێی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لە ساڵی ١٩٨٠ جینایەتی جەنگی بە ئەژمار دێت بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە "غیر نظامی" لێیە، جەنابت چۆنی هەڵدەسەنگێنی؟**

بە دڵنیاییەوە هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل بە هەموو جۆرەکانی لە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگەپێنەدراو و قەدەغەکراوە. بەتایبەتی بەکارهێنانی چەکە قەدەغەکراوەکان. هەروەها ئەم هێرشەش لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ڕووی داوە و بێجگە لە ڕووی تاوانی جەنگ دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی سەورەریی عێراق و هەروەها هێرش بۆ سەر خاکی وڵاتێکی دیکە و بەم پێیە بە کارێکی تێکدەرانە و دوژمنکارانە و نامرۆیی دادەندرێت کە ئاسایش و ئاشتی دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی هیچ کاتێک گیانی هاووڵاتییان و خەڵکی سڤیلی لەلا گرینگ نەبووە و پابەند نەبووە بە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەشدارە لە تاوانەکانی جەنگ لەم ناوچەیەدا.

**تۆپباران کردنی خاکی هەرێمی کوردستان بە واتای پێشێلکردنی سەروەری حاکمییەتی هەرێم بە ئەژمار دێت، بۆ چی حکوومەتی بێدەنگی هەڵبژاردووە لە هەمبەر ئەم کردەوەیە؟**

لە ڕاستیدا پاراستنی سەروەریی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە ئەرکەکانی حکوومەتی عێراق، بەڵام بە هۆی باڵادەستی و نفووزی ئێران لە عێراق ئەمە پشتگوێ دەخرێت و تەنانەت لەوانەیە ئاسانکاری لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بکرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیی سەربازیی ئێران لە عێراق بە گشتی. هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبووە و بەردەوام لە کەناڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی خۆی نارەزایەتی خۆی لەم بوارەدا دەربڕیوە . بەڵام نابێت کە فەرامۆش بکەین کە هەریمی کوردستان دەوڵەت نییە و چەندین گرفت و کێشەی ئاسایشی و سیاسی و ئابووری لەگەڵ بەغدا هەیە و لە لایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران پاساوی هەیە بۆ ئەم کارە دوژمنکارانەیەی، کە ئەویش چالاکیی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەمەش بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە پێنەدراوە کە خاکی وڵاتێکی دیکە بەکاربهێنرێت و هێرش بکرێتە سەر دەوڵەتێکی تر، هەرچەندە ئەو دەوڵەتە سەرکوتکەر و چەوسێنەر و نادێموکراتیك و دەوڵەتێکی نەویستراویش بێت وەکوو کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بۆیە لە ئەگەری پێداگریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوە هەم بەغدا و هەم تاران بوونی بنکەی پێشمەرگە لەسەر سنوورەکان و دەربازبوون لە سنوورەکان دەکەنە پاساوی ئەم هێرشانە. بێجگە لەوەی کە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت/دەتوانن بیسەلمێنن کە چالاکیی پێشمەرگەکانیان لە ناوخۆی ئێران ڕێکدەخرێت و ئەو پێشمەرگانەی کە لە ئێران و کوردستان چالاکی دەکەن لە دیوی هەرێمی کوردستاندا نانێردێنەوە، بەڵکوو ڕێکخستنەکانی ناو شار و ناوخۆیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

**ئەرکی چالاکانی مافی مرۆڤی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چیە لە سەرپێشلکردنی سەروەریی حاکمیەتی هەرێم و بە کار هێنانی تۆپی فۆسفۆر؟**

لە ڕاستیدا دەکرێت گوشارەکان لە ڕێگەی ڕێکخراو و دامەزراوە مرۆییە نێودەڵەتییەکان بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە تێچووی ئەم دەستدرێژی و هێرشانە بۆ کۆماری ئیسلامی کە لە بارودۆخێکی نالەباری ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییدایە بەرز بێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت لە ڕێگەی خۆپیشاندان و بەرزکردنەوەی داواکاری و بە دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکان و پێشکەشکردنی سکاڵا لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی نێودەوڵەتی ئەم کارانە لە ناوخۆی کوردستان و لە دەرەوە لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا ئەنجام بدرێت. لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێت کە بەداخەوە تاوەکوو ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هاوکێشە سیاسییەکان بەسەر بنەما مرۆیی و یاساییەکاندا زاڵە. بەڵام کۆمەڵێك دەرفەت لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەهەمبەر پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لەبەردەستە کە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت.

# پووشپەڕی زام



شاخ و پێدەشتی وڵاتم پڕ لە ناسۆرە و برین، ڕێ دەپێوم، باڵا دەکەم بۆ مشتێ ژین، ئەو ژیانەی ساڵانێکە بۆ گەیشتن بە ترووپکی بەرزی ئازادی "گاشە بەردەکەی سیزیف" بە قەد و باڵایا سەر دەخەین و لەناو زریکە و زورهانیدا زایەڵەی دەنگمان لە پووشپەڕدا ئاوا دەبێت.

چریکە دەنگمان نابیسێت و قامچی حیلەی ئەسپی هاوار ڕاومان دەنێت، ئێمە مەلی باڵکراوی وەرزی خوێنی پووشپەڕی زامین، ئەو زامەی ڕوو بکاتە جەستەی هەر شاخ و کوێستان و گابەردێک، ناخی پڕ دەکات لە قریشکە و هاوار، زامێکی ئاشنا، برینێکی ناسۆر، قووڵتر لە زەریای ناخی هەژاومان، بۆتە میوانی کاروانی پێشەنگی پووشپەڕی ڕاسان. ئەم هاوارە پڕ لە خۆزگە و هیوایە، ئەم زریکەیە کە لێوانلێوە لە قریشکەی ئەشقی چیایی، ئەم کوێستانە باڵابرینە کە ئاسۆگی یارانی شینی ئەوینە، نانەوێ قەت نانەوێ، زام هەڵدەگرێ، بەڵام چۆک دانادا و هەرگیز ناکەوێ.

گەر لە پووشپەڕی زامدا ڕابەری ڕووگەی ئەوین، گەر لە پووشپەڕی هەتوان و برینـدا پەیامبەری ئاشتی و ئازادی کەوتە بەر دەستڕێژی ئاڵاهەڵگرانی ستەم و تاریکی و بێدادی، بەڵام شاخ و کوێستان و تفەنگ و ڕۆژهەڵات، شۆڕەسوارانی قوتابخانەی دێمۆکرات، بۆ چرکەیەکیش زامەکانی کۆمار و ڤییەن و بەرلین و پووشپەڕ و کۆساڵان، نەیانتوانی هەنگاویان پێ شل بکەن و پێداگر و شێلگیرتر لە جاران بۆ هەڵەموت و لووتکەی ئیرادە و کۆڵنەدان هەڵکشان و باڵایان کرد و بە خوێن نووسیانەوە مێژووی ژیان و سەنگەر.

سەردەمێکە ئەم ڕێبازە، ساڵانێکە ئەم ئاخێزگەی بڕوایە، هیوای شاخ و ڕووگەی شار و جمشتی ڕابوون و ڕاسانی هیوایە، وانە و ڕێبازەکەی قاسملووی ڕێبەر، بە هیچ زامێکی پووشپەڕی ڤییەنی دڵپڕ لە قین چۆکی دانەداوە و باوەڕی پۆڵایینی ئەم کاروانە قورس و قایمە، پتەوتر لە جاران باڵای کردووە و بە حەماسەی کۆساڵانی ڕەنگین و بۆڕیەری مەرگ تارین، لاپەڕەی ژینی داهاتووی بە پەیامی ڕاسانی شاخ و شار نەخشاندووە.

هۆ ڕۆڵەکانی هەرێمی هزری قاسملوو، هۆ کاروانە پێشەنگدارەکەی یاران!

هۆ خۆزگە زامدارەکەی مۆتەکە کوژ، دە ڕابنەوە، هەرچەند یاران لە کۆشی تاریکیا باڵای حەزیان بە چڕنۆکی شەوەی شەیتان برینداره، بەڵام شەو و تاریکی خەریکە شەق دەبات، ئاسۆ بزەی ڕووناکی دەکاتە میوانی لێوی ئاڵی نیشتمان، زایەڵەی ژینەژانی دایکێک، زریکەی زەوی و بزەی یەلدا و باڵای قەندیل و دەفەی خۆر و چەخماخەی قوڕگی ڕووناکی و دیوانی شێعر و چارۆکەی کۆنی مێژوو و زریکەی شار و قرمەی شاخ و زرینگەی کاروان دەکەنە شاپەڕی شقڵی مۆسیقای شاری ژیان.

مەرگ چۆکی دادا، کۆساڵان ڕاچەنی، یازدە ئەستێرە بۆ کۆشی ئاسمانی شینی ڕۆژهەڵات ڕاخوشین، بۆڕیەر سنگی ئەوینی بۆ چریکەی دوو مەلی خۆشخانی سەرومال و ئاویەر و سنەی کاکۆ واڵا کرد. مێژوو ملوانکەی پەیامی شینی ئازادیی کردە گەردنی لانکەی گەلی قاسملوو. لە پووشپەڕدا قەندیل باڵای کرد و دەستی قەرەسەقەلی گرت و چیرۆکی ڕاسانی یارانی دێرینی گەیاندە گوێی ورمێ و مەهاباد و ئیلام و هەورامان.

لە پووشپەڕی زامەوە کرماشان بە شاهۆدا ئەم هەواڵەی ڕۆڵەی بیستوون و نەکەرۆزی بۆ ئاگری شاند:

یاران دە ڕابن وەرزی ڕابوونە
دوژمن بە زەبری ڕاسان زەبوونە
هەتا پەیامی پێشەوای سەروەر
هەتاکوو وانەی قاسملووی ڕێبەر
هەتا هەمانبێ سادقی سەنگەر
هەر باڵا دەکەین بە هیوا و باوەڕ
قەت چۆک دانادین بە زامی پووشپەڕ

شەریف فەلاح

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* • *No:730 22 July 2018*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


## ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
























